# پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی شانشینیماننا لەگەڵ دەوڵەتی ئاشوری نوێ (٩١١-٦١٠پ.ز.)

**دڵشاد عەزیز مارف[١]، هێرۆ کەمال کەریم[٢]**

[١] بەشی شوێنەوار، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

[٢] خوێندکاری ماستەر، بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: dlshad.Marf@univsul.edu.iq

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە تیشکدەخاتە سەر پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی مانناییەکان (کە لەسەرەتای سەدەی نۆیەمی پێش زایندا دەرکەوتوون) لەگەڵ گەلان و دەوڵەت و شانشینەکانی دەروروبەریان لەبەر ڕۆشنایی دەقە مێخییەکاندا، کە پێکهاتوون لە تۆماری شاهانەی پاشایانی ئاشور و ئورارتی و دەقی کارگێڕی فاڵگرتنەوە و نامەی سیخوری، کە لە ئەرشیفی تۆمارە مێخییەکانی ئاشوریدا باسکراون. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ گەڕان بەدوای وەڵامی چەند پرسێکی زانستیدا تایبەت بەم باسە، ڕۆڵی دیپلۆماتی مانناییەکان و ئاشورییەکان بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. و جۆری و ئاستی ئەو پەیوەندییە و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕووداوە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەی وڵاتی ماننا چۆن بووە؟ هەرچەندە پەیوەندیی نێوان مانناییەکان لە ئاستێکدا باشدابوو، بەڵام نابەرامبەرییش هەبوو لە رووی هێز و دەسەڵاتەوە، لە هەندێک باردا ئاشورییەکان تێکدەری پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان بوون، وەک هێرشکار یان دەستخستنە ناوکاروباری منناوە ڕۆڵیان دەگێڕا. گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە، ئەوەندەی ئاگادارین تا ئێستا هیچ توێژینەوەیەك لەسەر پەیوەندیی دیپلۆماتیی منناکان نەکراوە. بۆ بەئەنجام گەیاندنی توێژینەوەکە، ڕێبازی مێژوویی بە پشت بە ستن بە سەرچاوە ڕەسەنە مێخی و ئارامییەکان و بەڵگە شوێنەوارییەکان و بۆچوونی پسپۆڕان پەیرەوکراوە.

**کلیلە وشە:** (شانشینی ماننا، دەوڵەتی ئاشوری، پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان، هاوسەرگیریی سیاسی).

**الملخص**

ظهر المانناييون في بداية القرن التاسع قبل الميلاد حسب الكتابات المسمارية، وبالتأكيد كانوا موجودين قبل هذا التاريخ، وربما نشأوا من بقايا الحوريون و الكيشيون(Hurrians and Kassites ) الذين عاشوا في مناطق جبال زاگروس في الألفية الثانية ثم انتشروا في بقية المناطق في الجنوب ، جنوب شرق وجنوب غرب بحيرة أورمية، و لربما هم بقايا القبائل التوروككو و الكاكموم الخورية مع بعض القبائل الكاشية، وكان لديهم عدد من الاقاليم الفيدرالية، كل منطقة يحكمها حاكم، وكان الملوك متمركزين في مدينتهم الملكية العاصمة ايزيرتو (Izirtu) تبة قلايچي الحديثة (Tepe Qalaichi) بالقرب من مدينة بوكان جنوب بحيرة اورمية. كان الملوك المانناييون لديهم علاقات جيدة مع الملوك الآشوريين بشكل عام، لكن علاقتهم كانت غير متكافئة في القوة ودورهم، و كانت العلاقة بين المد و الجزر بسبب التقلبات السياسية و العسكرية في بلاد ماننا و المناطق المجاورة جراء التوسع الاورارتي، الزحف السكيثي و الكيميري و ظهور الميديين كقوة فتية، يتناول هذا البحث العلاقات الدبلوماسية الآشورية والمانناية ، واتصالاتهما السلمية ، وصراعاتهم العسكرية و السياسية، والسياسة الآشورية تجاه الدولة المانناية (Mannea)، والسياسة الآشورية في تحصيل الضرائب والغنائم وسياسة الترحيل.

**الكلمات الدالة:** (مملكة مانّنا، الدولة الآشورية، العلاقات الدبلوماسية، الزواج السياسي)

| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| --- | --- |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10437 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٨/١٧ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١٠/٢ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٢/١٢/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | dlshad.Marf@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٢ پ.ی. د. دڵشاد عەزیز مارف،هێرۆ کەمال کەریم، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

Abstract

The Manneans appeared in the early 9th century B.C in the cuneiform records, and sure there were existed before, they perhaps originated from the Hurrians and Kassites of the second millennium, they were spread in a vast area south, southeast and southwest of Urmia lake, its really border is not known yet, but general the Urmia basin was their homeland. Their capital city was located near modern Bokan city south of Urmia lake, they had numbers of federal regions, each region ruled by a ruler, the kings were based in their royal city Izirtu (modern Tepe Qalaichi) near modern Bokan/Bukan city.

The Mannean kings generally had good relations with the Assyrian kings, but their relation was unequal in power and their role. This paper deals with the Assyrian and Mannean diplomatic relations, their peaceful contacts, and their conflicts, the Assyrian policy against and toward Mannea, the Assyrian policy of collecting taxes, booties, deportation policy etc.

**Keywords:** (The Mannean kingdom, The Assyrian State, Diplomatic relations, political marriage)

## پێشەکی

بەپێی ئەو دەقانەی، کە تا ئێستا لەبەردەستدان، لە هەزارەی دووەمی پێش زایندا ناوی مانناییەکان نەهاتووە، مانناییەکان پاشماوەی هۆزە تورککووەکان و کاکومەکان ، کە لە تێکەڵەیەك لە گەلانی خوری و زاگرۆسییەکانی تر پێکهاتوون. شانشینیماننا وەك شانشینێکی سەربەخۆی زاگرۆس هەر لە سەدەی نۆیەمی پێش زایینییەوە هەتا کۆتاییەکانی سەدەی حەوتەمی پێش زایینی بەشێوەیەکی بەرچاو لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەدا پێگەیەکی دیاری هەبووە. پەیوەندییەکانی مانناییەکان لەگەڵ ئاشورییەکان، ئورارتییەکان، میدییەکان، کیمیری و سکیتییەکاندا لە هەڵکشان و داکشاندا بوون. ئەم توێژینەوەیە لەچەند تەوەرێک پێکدێت، سەرەتا باس لە پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی مانناییەکان کراوە، و وەک تاکە دەقی دۆزراوەی وڵاتی ماننا، کە باس لە پەیوەندیی دیپلۆماتی بکات بە دەقە ئارامییەکەی شاری ئیزیرتو(تەپە قەڵایچی)ی پایتەختی مانناییەکان و پەیوەستبوونی بە پەیماننامەکەیەوە دەستمانپێکردووە. پاشان باسمان لە پەیوەندیی دیپلۆماتیی مانناییەکان و ئاشورییەکان لەکاتی شەڕ و ئاشتیدا بە دوو تەوەری جیاواز کردووە. دوای ئەوەی باسی سیاسەتی باج و باجگریی ئاشوریمان کردووە، کە دژی مانناییەکان وەک سیاسەتێکی ئابووری و سیاسی بەکاریانهێناوە. هەروەها باسمان لە سیاسەتی ڕاگواستنی سەرکردەی هەرێمەکانی ماننا و خێزان و خەڵکەکەیان بۆ ناوچە دوورەکانی رۆژئاوای ئیمپڕاتۆرییەت کردووە. لە کۆتاییدا باسمان لە هاوسەرگیریی سیاسیی لەسەر خاکی ماننا کردووە، و لەمەدا دوو نمونەمان باسکردووە، یەکێکیان هاوسەرگیریی سیاسیی شازادەکچەکەی ئەسەرحەدون و پارتاتوای پاشای سکیثییەکان بوو لەسەر خاکی ماننا و بۆ دژایەتیی مانناییەکان، و ئەوی تریان هاوسەرگیریی ئاشوربانیپاڵ و شازادە مانناییەکەی کچی پاشا ئووالّی مانناو بوو.

## ١. پەیوەندیی دیپلۆماتییەکانی مانناییەکان و ئاشورییەکان

پەیوەندیی دیپلۆماتی مێژوویەکی دێرینی هەیە و هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی شارە دەوڵەتەکانی سومەرییەوە سەریهەڵداوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی سێ هەزار ساڵ پێش زاین، بۆ مەبەستی سیاسی و بەڕێوەبردن وڵات و پەیوەندییەکان بەکارهێندراوە (Karrass, Chester L, ١٩٧٠,١٢). ئاشورییەکان بە بایەخەوە گرنگییان بەم بوارە داوە و لە تۆمارە شاهانە و کارگێڕی و سیخوڕییەکانیاندا بنەمای کاری دیپلۆماتی و کارگێڕی و سیاسی بەدیدەکرێت، و سەرچاوە بنەڕەتییەکانی توێژینەوە لەم باسە تەنها و بە پلەی یەکەم سەرچاوە ئاشورییەکانن، و

لەبەرئەوە سەرچاوەکانی تاک لایەنەن، و نازانین لەلای مانناییەکانەوە چۆن لەم پەیوەندییانە ڕواندراوە، هەوڵدەدەین بە شیکردنەوەی بەڵگە بەردەستەکان ئەم بابەتە ڕوون بکەینەوە، و لە دەقە ئارامییەکەی شاری ئیزیرتوی پایتەختی ماننەییەکانەوە دەستپێدەکەین:

## ١,١. دەقە ئارامییەکەی شاری ئیزیرتو(تەپە قەڵایچی)ی پایتەختی مانناییەکان و پەیوەستبوونی بە پەیماننامەکەیەوە:

تا ئێستا هیچ دەقێکی مێخی مانناییەکان نەدۆزراوەتەوە کە پەیوەستبێت بە پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانەوە. لەلایەکی ترەوە میلێکی بەردین لە تەپەقەڵایچی (شاری ئیزیرتوی پایتەختی مانناییەکان) لە ڕۆژئاوای بۆکان دۆزرایەوە، ئەم میلە بەردینە شکاوە و تەنها بەشی خوارەوەی ماوە، ئەم بەشەی کۆتاییش وەک زۆربەی میلە شاهانەکان نەفرەتی خواوەندەکانی تێدا نووسراوە دژی هەر پاشا و میر و کەسێک کە میلەکە بشکێنێت یان ناوەڕۆکی نووسینەکە بسڕێتەوە و ناوی خۆی بنووسێت بەر نەفرەتی خواوەندەکان دەکەوێت. ئەگەر لە داهاتوودا هەر پاشایەک هەبێت ئەم میلە لا ببات، لە جەنگدابێت یان لە ئاشتیدا بێت، هیواخوازم کە خواوەندەکان هەموو پەتاکانی سەرزەوی کە هەن لە کۆشکەکەی بدەن و ئازاری بدەن، و ئەو پاشایەش لەبەردەم خواوەندەکان و خواوەند خالدی و خواوەند بزعتر(تێیشیبا) نەفرەتلێکراو دەبن." (Fales, (٢٠٠٣), pp.١٣٤-١٣٥ ; مارف، (٢٠٢٠)، ل ل. ١٠٢-١٠٣).

پسپۆڕان پێیان وایە ئەم میلە لە بنەڕەتدا دەقی پەیماننامەیەکە کە بە یادگاری لەسەر ئەم بەردە میلەش تۆمارکراوە، وا گومان دەبرێت کە پەیماننامەی پاشا ئازا(Aza)ی پاشای مانناییەکان بووبێت، و لەگەڵ ئوراڕتییەکان، یان میرێکی ناوچەیی زاگرۆس لە دەوروبەری (٧١٩ – ٧١٦ پ.ز.) پەیماننامەیەکی بەستبێت. لەوانەیە لەگەڵ ئوراڕتییەکان بووبێت بە بەڵگەی ناوهێنانی خواوەند خالدی،خواوەندی نەتەوەیی ئوراڕتییەکان، یان یەکێک لە میرەکانی ناوچەکە بووبێت کە ئەویش خواوەند خالدی لەلای وەک خواوەندێکی سەرەکی وابووبێت. هەروەها هۆکاری بەکارهێنانی خەت و زمانی ئارامی پەیوەستبووە بە ئاسانی بەکارهێنانی ئەو خەت و زمانە بە بەراورد بە خەتی مێخی و زمانەکانی تر، ئەمە جگە لەوەی کە هەزاران ئارامی لەڕێگەی کۆچەوە یان لە ڕێگەی بە زۆر ڕاگواستنیان لە لایەن ئاشورییەکانەوە لە کۆتایی سەدەی دوانزەی پێش زایینەوە تا کۆتایی سەدەی حەوتەمی پێش زایین ڕوویان لە ناوچە جیاوازەکانی زاگرۆس کردبوو و ئەمەش بووە هۆی بڵاوبوونەوەی زمان و ڕێنووسیان. (Fales, (٢٠٠٣), pp.١٣٤-١٣٥;Marf (٢٠١٩), pp.٧٨-٩١).

تا ئێستا پسپۆڕان ئەو گومانەیان نەبردووە، کە ئەم دەقە پەیوەستبووبێت بە پەیوەندیی نێوان مانناییەکان و ئاشورییەکانەوە، هەرچەندە ئاشورییەکان لەکاتی شەڕ و ئاشتیدا لە وڵاتی ماننا نووسەری شاهانەی خەتی مێخی و نووسەری خەتی ئارامییشیان لەگەڵدابووە. هەرچۆنێک بێت ئەگەر لە داهاتوودا کنەوپشکنینەکان لە قەڵایچی و دەوروبەری هاوکاربوون بۆ دۆزینەوەی پارچەکانی ئەم میلە بەردینە، ئەوا دەردەکەوێت کە ئایا ئەم میلە پەیماننامەیەکی دیپلۆماتی بووە یان نووسراوێکی یادەوەری شاهانە بەهۆی سەرکەوتنێک یان بەهۆی دروستکردنی تەلارێکەوە، بەداخەوە لەئێستادا لەبەر بەردەستنەبوون و نەدۆزینەوەی پارچەکانی تری ئەم نووسراوە شاهانەیە، وردەکاری زۆر دەربارەی ئەم باسە نازانین. بەڵام دەتوانین لەو ئەگەرە تێبگەین کە پێدەچێت مانناییەکان خەتی ئارامییان بۆ نووسینە شاهانە و کارگێڕییەکانیان بەکارهێنابێت و هەر ئەمەش بووەتە هۆی دەگمەنی دۆزینەوەی نووسراو و تۆماری مانناییەکان، چونکە ئەگەر لەسەر پێستە بە پیتەکانی ئەلف بێی ئارامی نووسیبێتیان، ئەوا زۆربەی نووسینەکان لەناوچوون، بەهۆی شیبوونەوەی پێستەکە لەژێر کاریگەری ئاو و هەوا و تێپەڕینی کاتدا.

## ٢.١. پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی مانناییەکان لەگەڵ ئاشورییەکاندا (٩١١ – ٦١٠ پ.ز.)

زۆرترین وردەکاری دەربارەی پەیوەندییەکانی مانناییەکان و ئاشورییەکان لەدەقە مێخییەکاندا بەردەستە، هەرچەندە پەیوەندییەکان نابەرامبەربوون و مانناییەکان لاوازتر بوون، بەڵام ماننا تاکە شانشینی زاگرۆس بوو، کە تا ڕادەیەك بەشێك لە پاشاکانی پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ ئاشورییەکاندا هەبوو، ئەمەش بەردەوام نەبوو و چەند جارێك پاشایانی ئاشوری لەشکرکێشی سەربازییان کردووەتەسەر


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ماننا و شار و قەڵاکانی. پەیوەندییە سیاسییەکانی مانناییەکان لەگەڵ ئاشورییەکاندا لەسەردەمی شالمانیسەری سێیەم(٨٥٨ – ٨٢٤ پ.ز.) ەوە دەستپێدەکەن. پەیوەندییەکانی مانناییەکان لەگەڵ ئاشورییەکان پەیوەندییەکی خراپ نەبوو، چونکە جیاواز لە ناوچەکانی تر، لە هیچ سەردەمێکدا ئاشورییەکان پشتیان لە بنەماڵەی شاهانەی مانناییەکان نەکردووە، تەنانەت لەوکاتەنەشدا کە هێرشیان کردووەتە سەر پاشایەکی مانناییەکان، ئەوا لەدوای لەکارخستنی پاشای مانناکورەکەی یان براکەیان کردووەتە پاشای مانناییەکان، وەک پاشا ئازا (Aza) و ئولوسونوی کوری (ARAB II, 1927, 10:II 52-74, pp 4-5).

## ٢. پەیوەندیی دیپلۆماتیی مانناییەکان و ئاشورییەکان لەکاتی شەڕدا

### ٢. ١. شەڕڕوکین(سەرجۆن)ی دووەم و پاشا ئازا و پاشا ئوللوسونو

دۆخی سیاسیی لەم قۆناغەدا بەم جۆرە بوو؛ ئەوپەڕی باکوری وڵاتی مانناو بە دەست دەوڵەتی ئورارتووەوە بوو، تا ڕادەیەکی تەواو مانناو لەژێر دەستی ئیانزوی پاشای مانناو دا بوو، بەڵام لە سنورەکانی ئەم شانشینەدا چەند شانشینێکی نیمچە سەربەخۆ هەبوون، بووبوون بە مەترسییەکی ڕاستەقینە بۆ سەر شانشینی مانناو. شانشینە نیمچە سەربەخۆکان، کە لەژێر باڵکێشانی مانناو دا بوون، وەك ئویشدیش(Uišdiš)، زیکیرتو (Zikirtu)، ناوچەکانی ژێر دەستی دایئوککو(Daiukku)، هەروەها ناوچەکانی زاگرۆس و سنوری مانناو دا ئاشورییەکان چەند شانشینێکیان خستبووە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە لەوانە؛ ئاللابریا (Allabria) و کاڕاللا (Karalla) کەوتبوونە ناوچەکانی سەرەوەی ڕووباری زێی بچووک. (دیاکۆنۆف، ٢٠٢١، ٣٦٢).

شەڕڕوکین لەساڵانی (٧١٩-٧١٣ پ.ز.) چەند لەشکرکێشییەکی سەربازی بۆ سەر ناوچەکانی زاگرۆس دەستپێکرد، ئاشورییەکان پێنج جار هێرشیانکردووەتەسەر ناوچەکانی سنوری شانشینی مانناو و دەوروبەری. لەم سەردەمەدا ئورارتو هێرشەکانیان لە ناوچەکانی باشوری ڕۆژئاوای دەوڵەتەکەیان دژی ئاشورییەکان وەستاند، تەواوی هێزەکەیان بردە ناوچەکانی باکوری زاگرۆس و ناوچەکانی دەوروبەری دەریاچەی ورمێ هەتا سنورێک بۆ فراوانخوازییەکانی ئاشورییەکان لەو ناوچەیەدا دابنێن. ئەمەش بووە هۆی جەنگەکانی نێوان ساڵانی (٧١٩ – ٧١٤ پ.ز.) لەسەر خاکی شانشینی مانناو و شانشینەکانی موصاصیر و هەرێمەکانی نێوانیان. لەم قۆناغەدا ڕوسای یەکەم (٧٣٥ – ٧١٣ پ.ز.) پاشای ئورارتو بووە. نۆزدە فەرمانڕەوای سنورەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بە خۆیان و سوپای شار و شانشینەکانیانەوە کۆکردەوە و دژی ئاشور هاوپەیمانییان بەستبوو. شەڕڕوکین مانناى لە هەڕەشەکانی ئورارتو و شۆڕشە ناوخۆییەکانی دەوڵەتی مانناو پاراستووە، پێگەی پاشایەتیی مانناو لەم سەردەمەدا گەورەتر بوو بە بەراورد بە سەردەمەکانی پێش شەڕڕوکین (ARAB.II,١٤٨,١٩٢٧, pp.٧٦-٧٧).

بەهێزبوونی دەسەڵاتی مانناو لەسەردەمی پاشا ئیانزودا وایکرد کە شانشینی مانناو لە زاگرۆسی باکور و ناوچەکانی باشوری ورمێدا ببێتە بەهێزترین شانشینی ناوچەکە، ئەوەی کە میری هەرێمە نیمچە سەربەخۆکانی سنوری مانناى نیگەرانکردبوو، ئەوەبوو کە پاشایانی مانناو بووبوونە بەهێزترین هاوپەیمانی ئاشورییەکان لە زاگرۆسدا، ئەمەش سەرکردەی شانشینە نیمچە سەربەخۆکانی سەر سنوری نیگەرانکردبوو، کە میرەکانیان خوازیاری سەربەخۆیی ڕەها بوون یان لایەنگری ئورارتییەکان بوون، لەلایەکی تریشەوە ئاشورییەکان بە بەردەوامی دەستیانوەردداوەتە کاروبارەکانی مانناو (دیاکۆنۆف، ٢٠٢١، ٣٦٤).

یەکێتیی سیاسی هەرێمەکان لەناو شانشینی مانناو دا هەڵوەشایەوە، بەتایبەتی لەدوای مردنی ئیانزو، پادشا بە هۆی ئەو جەنگەی لەسەر کورسیی دەسەڵات بەرپابووبوو، کێشەی زۆری لەدوای خۆی بەجێهێشت، ئیانزو دوو کوری هەبوو، ئازا (Aza) و ئوللوسونو (Ullusunu). شەڕڕوکین ئازای خستە سەر تەختی دەسەڵات (Frahm, ٢٠١٧, ٢٦٢).

پاشا ئازا(Aza) لە (٧١٩ – ٧١٦ پ.ز.) بە ڕەزامەندیی ئاشورییەکان فەرمانڕەوایەتیی کرد، بەڵام ئوللوسونو (Ullusunu) هەڵگەڕایەوە و هاوپەیمانییەکی بەهێزی لەگەڵ فەرمانڕەواکانی مانناو دا دروستکرد لە دژی ئازا (Aza) و بە پاڵپشتیی پاشای ئورارتو ڕوسا (Rusâ)، لە یەکەم

جەنگدا ئازا (Aza) کوژرا. ڕوسا پیاوانی ئویشدیش (Uišdiš)، زیکیرتو (Zikirtu) و میسیندو (Misindu) سەرکردە گەورەکانی مانیایان هاندا بۆ یاخیبوون و دوژمنایەتی، تەرمی ئازا (Aza)یان بردە سەر کێوی ئواوش (Uauš)، کە زۆر لێژبوو، لەوێ پێستەکەیان گرو و هەڵیاندایە خوارەوە. شەڕوکین بەم ڕوداوە دڵی تەنگ بوو، و شەڕوکین دەڵێت: (ARAB,1927,10. II. 52-74, pp. 4-5):

"لە شەشەمین ساڵی فەرمانڕەواییمدا، ئورسایئوراڕتی... [میتاتتیی Mitatti] زیکیرتو (Zikirtu)، میرانی وڵاتی مانناییەکان، ... کردیانن بە دوژمنی شەڕوکین و ئازای کوڕی سەروەریان ...... لەسەر لوتکەی ئواوش (Uauš)، شاخێکی لێژ، دەستیانکرد بەوێرانکردنی وڵاتی مانناییەکان و لاشەی ئازای سەروەریان فڕێدایە خوارەوە. بۆ ئاشوری سەروەرم، تاکو وڵاتی مانناییەکان تۆڵەی بسێنرێتەوە و بگێردرێتەوە بۆ ژێر دەستی ئاشوور، دەستم بەرزکردوە (بۆ نزا)، و لە لوتکەی ئواوش (Uauš)، لەو شاخەی کە لاشەی ئازا (Aza)یان دەرپەڕاند،پێستی باگداتتو (Bagdattu)م گروو پیشانی مانناییەکانم دا. ئوللوسونو (Ullusunu)ی براکەی [ئازا]، لەسەر تەخت دامنا، هەموو وڵاتی مانناییەکانم خستە ژێردەستی ئەو. [ئوللوسونوی مانناین] ......"

شەڕوکین پاشا بەگداتو (Bagdattu)ی پاشای هەرێمی زیکیرتو (Zikirtu)ی گرت لە ئوشدیش (Uišdiš) پێستەکەی گروی. ئوللوسونو (Ullusunu)بە زیرەکیی خۆی هەلەکەی قۆستەوە و پەیوەندیی لەگەڵ شەڕوکیندا بەست و پشتیکردە ڕوسا (Rusâ)و تا کاتی خۆبەدەستەوەدانیشی لە پێناوی نزیکەکانی کاریدەکرد، لەکۆتاییدا تەختی پاشایەتیی ماننای پێدرا (دیاکۆنۆف، ٢٠٢١، ٣٦٦). بەپێی دەقەکە، ئوللوسونو (Ullusunu) خۆی داوە بەسەر قاچی شەڕوکیندا و قاچەکانی ماچکردووە، شەڕوکینیش دەسەڵاتی پێبەخشیوە. (Smith, ٢٠١٤, ٩٩).

شەڕوکین باس لە هەندێک لە میرەکانی زاگرۆس و هەرێمەکانی ماننا دەکات کە بوونە پشتگیری پاشا ڕوسای ئوراڕتی (ARAB II,1927, 10. II. 52-74, pp.4-5):

"متمانەی خۆی خستە دەستی ڕوسا(Rusâ)ی ئوراڕتییەوە. ئاشور-لیئو (Assur-liù)ی فەرمانڕەوای وڵاتی کاڕاللا(Karalla) و ئیتتیی (Ittî) [پاشای] وڵاتی ئاللابریا(Allabria)ی هاندا تا دژم یاخی بن، و بانگیکردن تا ببن بە میری ژێردەستی ئوراڕتو. لە تووڕەیی دڵمدا ئەو وڵاتانەم وەکو [ڕەوە] کوللە ژێر پێنا (ڕاستەوخۆ، دامپۆشی) و ئیزیرتو(Izirtu)ی پایتەختی مانناییەکان، وەک ئەوەی بە تۆڕێک[داپۆشم] دەستم بەسەراگرت. چەندانم لێسەربڕین. ئیزیرتوم بە ئاگر سووتاند و شارەکانی زیبیا(Zibia) و ئەرماید(Armaid)م گرت. ئوللوسونوی پاشای مانناین و هەموو خاکەکەی پێکەوە وەک یەک پیاو کۆبوونەوە و قاچیان گرتم. منیش بەزەییم پێداهاتنەوە. لە هەڵەکانی ئوللوسونو (Ullusunu)خۆشبووم، لەسەر تەختی شاهانە [دامنا] ...... ئیتتیی(Ittî) پاشای [ئاللابریا]( Allabria) لەگەڵ خێزانەکەیدا ڕامگواستنو ئاشور-لیئو(Assur-liù)ی پاشای کاراللا(Karalla) ...... شاری گانو---(Ganu)، [لە دەڤەری نیکساما(Niksama)] گرتم. شێپاشاڕڕی(Shêpasharri)ی کوێخا، ...... هی شاری شورگادیا(Shurgadia)، بە دەستی خۆم گرتم. ئەو شارانام خستە سەر هەرێمی [پارسواش(Parsuash)]".


ئاشورییەکان وەک جاران پاراستنی هەموو شوێنەکانی مانایان دوپاتنەدەکردەوە لە هەڕەشەی ئوراڕتووەکان، بۆیە مانناییەکان بووبوونە دوو بەش، بەشێکیان لەگەڵ ئاشورییەکان مانەوە، بەشەکەی تریان پاڵپشتیی ئەوەیان دەکرد، کە لەگەڵ ئوراڕتووەکان هاوپەیمانی ببەستن، کە میتاتتی (Mitatti) میری هەرێمی زیکیرتوی ماننا و پارێزگار دایائوکو(Daiukku) ڕابەرایەتییان دەکرد، ژمارەیەک شاری مانایی چوونە پاڵیان و دژی پاشای مانناییەکان یاخی بوون. شەڕوکینی دووەم یەکێک لە ژێر دەستەکانی بریتی بووە لە ئیانزو، لە هەمان کاتدا ترسناکترین ڕکابەر بووە، ئەگەر چی نازناوی پاشا بۆ میتاتتی بەکارنەهاتووە، بەڵام پاردا (Parda)ی پایتەختی زیکیرتو وەک شارێکی شاهانە داناوە (ARAB II, 1927,19.II.101-39, 8).

لە ساڵی (٧١٩پ.ز.)دا فەرمانڕەوایانی شانشینی ماننا دوو بەش بوون، یەکێکیان پاڵپشتی ئاشوری بوو، ئەوی تریان پاڵپشتی ئوراڕتو بوو. هەردوکیشیان لە پێناو دەسەڵاتدا شەڕیانکردووە. وا دەردەکەوێت ئیانزو(Iyanzu) تەمەنی هەڵکشابێت و چیتر لەتوانایدا نەمابێت پارێزگاری


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لە یەکێتییماننا بکات، یاخود خۆی داوای هاوکاریی لە شەڕڕوکین کردبێت، یان شەڕڕوکین خۆی بڕیاریدابێت هاوکاریبکات،لەگەڵ ئەوەشدا تێڕوانینی باشی بۆ ئیانزو نەبووە. بە هاوکاریی سەربازانی ئاشور شۆڕشەکە ڕێشەکێشکرا (Elayi,2018, 35).


تاکە دیمەنی هێرشی ئاشورییەکان بۆ سەر شارێکی مانناپی کە لە نەخشی سەر دیواربەندە ئاشورییەکاندا تۆمارکرابێت، ئەو دیمەنەی گەمارۆدان و هێرشکردنە سەر شاری پازاشی/پانزیش(Panzish) مانناییەکانە کە سوپای ئاشوری لە چەندین قوڵەوە پەلاماری شورە و دەروازەکانی شارەکەی داوە، ئەم دیوابەندە لە کۆشکی شەڕڕوکین لە شاری دور-شەڕوکین (خورساباد) دۆزرایەوە (Botta & Flandin,1972,145) (دەڕواندرێتە وێنەی ژمارە ١).



وێنەی ژمارە ١: دیمەنی هێرش و گەمارۆی سوپاکەی شەڕڕوکینی ئاشوری بۆ سەر شورا و دەوازەکانی شاری پازاشی وڵاتی ماننا. ئەم دیمەنە لەسەر دیواربەندی کۆشکی شەڕڕوکینی ئاشوری لە شاری خورساباد هەڵکەندراوە (وەرگیراوە لە: Botta & Flandin,1972,145).

لەدیمەنی گەمارۆ و هێرش بۆ سەر شاری پانزیش (Panzish)ی مانناییەکاندا لەسەر ئامێری ڕوخاندنی شورا و دەروازەکان، کە ئاشورییەکان دروستیانکردووە و لەتەختە و بە پێستە دایانپۆشیوە، ئامێرەکە چوار گالیسکەی هەیە و دەمێکی کانزایی تیژی هەیە بۆ تێکدان و ڕوخاندنی شوراکان، کەسێك لەسەر پشتی ئامێرەکە و لەدوای قەڵغانێکی گەورەی پشتیەوە وەستاوە و بە هەردوو دەستەکانییەوە شتێکی گرتووە و بەرەو پێشەوە لاریکردووەتەوە. ئیفائال (Ephāl) پێیوایە، کە ئەمە سەرکردەیەکی سەربازیی ئاشورییەکانە و بەندەکانی ڕێککەوتن و ڕادەستکردنی شارەکە بۆ مانناییەکان لەسەر پێستەیەك و بە خەت و زمانی ئارامی دەخوێنێتەوە، بەڵام (مارف) پێیوایە، کە ئەوەی سەربازە ئاشورییەکە هەڵیگرتووە و شۆڕیکردووەتەوە، کوندەیەکی ئاوە و دەیەوێت ئەو پێستەی ئامێرەکەی پێداپۆشراوە، تەڕیبکات، هەتا بەهۆی ئەو گسکە پوشینە ئاگرتێبەردراوانەوە نەسوتێت، کە مانناییەکان لەسەر شوراکە هەڵیاندەدایە خوارەوە، چونکە ناکرێت دیمەنەکە وەك سەرەتای ڕێککەوتن لێکبدرێتەوە، لەکاتێکدا گەرمەی شەڕ و تیرباران و ئاگربارانی گەسکە پوشینی گڕاوی و شورا و دەروازە تێکدان دەبینین. (بۆ زانیاریی زیاتر دەڕواندرێتە (Ephāl, 1999,119 ; Marf,(2019), pp.83-84).

دیمەنی تۆمارکردنی دیلەکانی ماننا و کاراللا لە لەشکرکێشییەکانی شەڕڕوکیندا لە وڵاتی ماننا، دیمەنەکە لەسەر دیواربەندی کۆشکی شاری دوور-شەڕوکین(خورساباد) تۆمارکراوە. لە دیمەنەکەدا جەنگاوەرە مانناییەکان و کاراللاییەکان کۆتکراون و بە زنجیر و جلوبەرگی کەوڵی پڵنگ و کەوڵی ئاژەڵیان لەبەردایە، لەگەڵ کراسێکی درێژ تا سەر ئەژنۆ(دەڕواندرێتە وێنەی ژمارە ٢).



وێنەی ژمارە ٢: دیمەنی کۆتکراوی سەرکردە مانناپی و کارگاللاییەکان لەلایەن ئاشورییەکانەوە ناویان تۆماردەکرێت و پەیمانیان لێوەردەگیرێت، ئەم دیمەنە لەسەر دیواربەندی کۆشکی شەڕڕوکینی ئاشوری لە شاری خورساباد هەڵکەندراوە. (وەرگیراوە لە: Botta & Flandin, 1972, (((vol.II, p;.146, no.10-11

لێرەدا شانشینەکە بووبووە دووبەشەوە، هەرێمی زیکیرتو (Zikirtu) و بیست و دوو قەڵای وڵاتیماننا لە باکور کە هاوسنوربوو لەگەڵ دەوڵەتی ئورارتی بوونە هاوپەیمانی دەوڵەتی ئورارتو، پایتەختی هەرێمی زیکیرتو شاری پاردایە(Parda)، هەروەها سێ قەڵای تر کە ئەوانیش قەڵاکانی سوکگا(Sukka)، باڵا(Balla)، و ئابیتیکنا(Abitikna)، لەگەڵ پاشای ئورارتو روسای یەکەم ئورارتو ڕێککەوتنیان کرد(ARABII,1927,6.11.32-42, 3)، تا ئێستا شوێنی جوگرافیی ئەو سێ قەڵایە دیارینەکراوە، تەنانەت ڕوون نییە هەر سێ قەڵاکە سەر بە خاکی ماننا بووبن، یان کەوتبوونەوە دەرەوەی سنووری باکووری وڵاتی ماننا. شەڕڕوکین چەند دەستەیەکی سەربازیی بە مەبەستی هاوکاریی ئیانزو نارد، قەڵاکانیان گرت و بە پێی نەریتی جەنگ مامەڵەیان لەگەڵکردن، سەروەت وماڵیان گواستنەوە بۆ ئاشور، دەڤەرەکەشیان ڕادەستی ئیانزو کرد (دیاکۆنۆف،٢٠٢١، ٣٦٥)، واتە ئاشورییەکان هاوکاری مانناییەکان بوون بۆ ئەوەی ئەو هەرێم و قەڵایانە بگەڕێننەوە بۆ سنووری وڵاتی ماننا، بێگومان ئەمەش بێبەرامبەر نەبوو، چونکە ناوچەکانی سنوری قەڵەمڕەوی شانشینی ماننا مسۆگەر و دەستەبەری پێدانی باجیان بە ئاشورییەکان دابوو.

یەکێتیی سیاسی لە مانناداهەڵوەشایەوە، بەتایبەتی لەدوای مردنی ئیانزو، پادشا بە هۆی ئەو جەنگەی لەسەر کورسیی دەسەڵات بەرپابووبوو، کێشەی زۆری لەدوای خۆی بەجێهێشت، ئیانزو دوو کوڕی هەبوو، ئازا (Aza) و (ئوللوسونو Ullusunu). شەڕڕوکین ئازای خستە سەر تەختی دەسەڵات (Frahm, 2017, 262).

٢,٢. ئەسەرحەدون و پاشا بێل- خاپو

سەنحاریب بە دەستی کوڕەکەی کوژرا، دوو کوڕەکەی ڕاینکرد، ئەسەرحەدون بە ناوی تۆڵەکردنەوە لە براکانی هاتە سەر تەختی دەسەڵات (Elay, 2018: 133). لەم سەردەمەدا پەیوەندی مانناییەکان و ئاشورییەکان دەچێتە قۆناغێکی جیاوازترەوە، پەیوەندییەکە زیاتر بەرەوخراپبوون دەڕوات، ئاشورییەکان پشت دەکەنە مانناییەکان و ڕوو لە سکیثییەکان دەکەن کە لە ڕۆژهەڵاتەوە کۆچ و هێرشیان هێناوە و بەشێک لە خاکی مانناپان داگیرکردووە. ئەسەرحەدون هەوڵدەدات کە پشت لە مانناییەکان بکات و سکیثییەکان بکاتە هاوپەیمانی خۆی، بۆ ئەم مەبەستە کچەکەی خۆی دەدات بە پاشای سکیثییەکان کە ناوی ئیشپاککایا(pakkayaĪŠ)یە، لە چەند نامەیەکدا باس لە ئامادەکارییەکان بۆ ئەم هاوسەرگیرییە کراوە، بەڵام نازاندرێت کە ئایا ئەم هاوسەرگیرییە بە ئەنجام گەیشتووە یان نا؟ هەروەها نازاندرێت کە

ئایا ئەم شەڕەی ئەسەرحەدون کە دەڵێت ئیشپاکاکایاى پاشای سکیثیم خستە بەر شمشێرەکەم تەنها مەبەستی ئەوەیە بە دیلی گرتوویەتی و پاشان شمشێرەکەی لەسەر گەردنی داناوە، بەڵام لێی خۆشبووە، یان ئەوەتا کوشتوویەتی؟! ئەسەرحەدون دەڵێت: (ARAB II, III 59-61: 18):

"مانناکانم پەرشوبڵاوکرد، گوتییە یاخییەکان، کە ملکەچی قبوڵناکەن، پاشای ئیشپاککای سکیثیم خستە بەر شمشێرەکەم، کە هاوپەیمان بوون، بەڵام نەیتوانی خۆی ڕزگاربکات."

تا ئێستا وەڵامی ئەم پرسیارە بەڕوونی نەدراوەتەوە، هەرچەندە شوێنەوارناسان پێیان وایە تابوت و گەنجینەکەی زێویە دیاریی مارەیی کچەکەی ئەسەرحەدونە و چەند ڕەگەز و دیمەنێکی هونەری ئاشوریش لەو تابوتە برۆنزییەدا دووبارە کراوەتەوە(Marf, 2016, 164; Ghirshman, 1979).

لەم سەردەمەدا گۆڕانکاری لە پەیوەندییە سیاسییەکانی گەلانی زاگرۆس و ئاشورییەکاندا هات، پاشایەکی میدی بەناوی (کەشتەریتو) لە نامەکانی فاڵگرتنەوەی پەرستگەی شاماش (خواوەندی خۆر)دا لە نەینەوا لەلایەن ئەسەرحەدونی پاشای ئاشورییەوە ناوی دێت، و ئەوە دەردەخەن کە زۆر نیگەران بووە لە یەکگرتنی میدی و ماننای و کیمیری و سکیثییەکان لەژێر سەرکردایەتی کەشتەریتو، لەبەرئەوە دەیەوێت لەرێگەی فاڵگرتنەوەوە بزانێت کەی ئەم هێزە یەکگرتووەی زاگرۆسییەکان دەگەنە سنوری دەوڵەتی ئاشوری و لە دەربەندی خەرڕانیا دەکەن، دەربەندی خەرڕانیا یەکێک بووە لە دەربەندەکانی دەوروبەری ڕانیە، ئەمەش واتای ئەوەیە کە ئەم هێزە یەکگرتووەی زاگرۆسییەکان پێشڕەوییەکی زۆریان کردووە. لەلایەکی ترەوە، ئەسەرحەدون لەگەڵ چەند سەرکردەیەک و سەرۆک هۆزێکی میدی پەیماننامەیەکی مۆرکرد بۆ ئەوەی لە دوای مردنی خۆی پشتگیری لە شازادە ئاشوربانیپاڵی کوڕە بچووکی بکەن و لێنەگەڕێن کوڕە گەورەکەی ببێتە پاشای ئاشوری (Wiseman 1958, i-ii+1-99 ). بە تێڕامان لەنوسراوەکانی تر، بەوە دەگەین، کە شەڕ لە بەشەکانی باکووری ڕۆژئاوای شانشینی ماننا و نزیک قەڵەمڕەوی دەوڵەتی ئاشوری لەناوچەی خوبوشکیا هەبووبێت، ئەسەرحەدون دەڵێت(ARAB II,1927, 530, 212):

"توئوسپای کیمیری بیابانگەڕێك بوو، کە ماڵەکەی دوورەدەست بوو، بەشمشێر لەسەر زەویی خوبوشکیا لەناومبرد لەگەڵ هەموو هێزەکانی".

لە ناوەڕۆکی نوسراوەکانی نامە سیخورییەکانی ئاشورییەکان و دەقە شاهانەکانیاندا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەشتەم و سەرەتاکانی سەدەی حەوتەمەوە کیمیری و سکیثییەکان هێرشێکی فراوانیان کردە سەر قەڵا و شارە ئورارتییەکان و بە ناوچەکانی باکوری ورمێ و ڕۆژئاوایدا هاتنەخوارێ و چەندین قەڵا و شاری ئورارتوویان وێرانکرد، و پاشان پەلاماری هەرێمەکانی سنوری باکور و خۆرئاوای ماننا و بەشێک لە سنوری ئاشورییەکانیاندا(SAA IV, 1990, 23, r.6-11). لەم قۆناغەدا ماننا قەڵەمڕەوی خۆی بەچەند ئاڕاستەیەکی جیاواز و بە زیانی ئورارتو، ئاشور و هەرێمەکانی خوبوشکیا و پارسوا فراوانکرد. خوبوشکیا کە لانی کەم ساڵی (714 پ.ز.) سەربەخۆ بوو، لە سەردەمی ئەسەرحەدوندا پەیوەست بە کاروباری دەوڵەت و پرسیار و وەڵامی پەرستگای شاماش زانیاریی گرنگ خراونەتەڕوو، داهێنانی کار بە دەست مانناییەکانەوە بووە و قەڵەمڕەوی ماننا لەوپەڕی دەسەڵاتیدا بووە، بۆیە پاشای ئاشور لە خودای خۆی دەپرسێت، کە ئایا مانناییەکان سەرکەوتوو دەبن قەڵا و قوڵلەکانی ئاشوری داگیربکەن لە شەڕرو-یقبی(Šarru-iqbi)؟ دورئینلیل(Durinlil) داگیردەکەن یان نا؟ چەند قەڵا و قوڵلە و ناوچەیەکی تر ناویان نەپارێزراوە). مانناییەکان توانییان چەند قەڵا و قوڵلەیەک داگیربکەن وەکو شەڕرو-یقبی، ئاشورییەکان دوای تێپەڕینی چەندین ساڵ، لەسەردەمی ئاشوربانیپاڵدا قەڵای ناوبراویان گرتەوە، لەزۆربەی پرسیارەکانی فاڵگرتنەوە شاهانەکەدا ناوی مانناییەکان بەپێی هاوپەیمانەکانیان هاتووە، بەڵام دەردەکەوێت، کە کیمیری و سکیثییەکان پێیانەوە پەیوەستن. یەکەم جار کە ناویانهات، لە نامەکەی بلوشیزیپدا بووە، کە فاڵگرەوەیەکی بابلییە و لەخزمەتی ئاشورییەکاندا بووە، نامەیەکی بۆ ئەسەرحەدون نوسیوە، کە تێیدا هاتووە دانیشتنێکی لەگەڵ کیمیرییەکاندا هەبووە، بەڵێنی ئەوەیان داوە دەستنەخەنە کاروباری نێوان ئاشوری و مانناوە، بەڵام نوسەری نامەکە بڕوای وایە، کە نابێت پشت بە بەڵێنی ئەوان ببەسترێت لەبارەی چوونەناوەوە بۆ خاکی ماننا (SAA X, 1993, III.9, 89). هەروەها ئامۆژگاریی پاشای ئاشوری دەکات، کە ناوی (بێل- خاپو(Bel-hapu)ی مانناییە لە نامەکەدا هاتووە. هەرچەندە ئەو ناوە ناوێکی ئەکەدییە،

بەڵام پاشایماننا بووە. پرسیار دەربارەی ئەنجامی لەشکرکێشی بۆسەر مانناییەکان کراوە، ناوی (ئاخ-پیسم) پاشای ماننا بەشێوەیەکی ناڕوون هاتووە(RINAP 5, 2018, III 69b-75, 65 ).

لە مانگی سیمانو (مانگی ئادار-نیسان) ی ساڵی (لەوانەیە ساڵی 674پ.ز.) بێت ئەسەرحەدون پرسیار لە کاهینە فاڵگرەوەکانی خواوەندی شاماش (خۆر) دەکات فاڵی بۆ بگرنەوە و بزانن کە ئایا لەو مانگەدا (SAA IV, 1990, 23, r.6-11 ); (دیاکۆنۆف، 2021، 484):

"لەشکری سکیثییەکان کە لە قەڵەمڕەوی ماننا دەژین، یاخود بە نیازن نیشتەجێی ناوچەکانی وڵاتی ماننا ببن و لە ڕێڕەوی خوبوشکیا نێوان شارەکانت خارڕانیا (Harrania) و ئانیسو (Anisus) هاتوونەتەسەر سنوری وڵاتی ماننا، دەتوانن تاڵانی بکەن؟ ئایا دەستکەوتی فراوان بەدەستدەهێنن و دەست بەسەر سنورەکانی ئاشوردا دەگرن؟".

هێرشی سکیثییەکان بۆ سەر وڵاتی ماننا کاریگەری خۆی هەبوو، شوێنەوارناسی ئەڵمانی ستیڤان کرۆڵ پێیوایە زیندانی سولەیمان کە یەکێکە لە شوێنەوارەکانی سەردەمی ماننا لە خوار دەریاچەی ورمێیە، ئەم شوێنەوارە لە دەوروبەری سەدەی حەوتەمی پێش زاینی تێکدراوە، لەوانەیە بەهۆی هێرشی سکیثی و کیمیری و میدییەکانەوە بووبێت، بەپێی زانیارییەکان میدییەکان لەو سەردەمەدا هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ مانناییەکان نەبووە، بەڵام سکیثی و کیمیرییەکان، بەدرێژایی قەڵاکانی کارمیربلور تا باستام لە نزیك تەبرێز و سەروو ورمێیان تێکداوە، هەروەها قەڵای ئایانیسی ڕۆژئاوای وان، هەموو ئەوانە لەناوەڕاستی سەدەی حەوتەمی پێش زاین لەلایەن سکیثییەکانەوە تێکدراون(,Kroll, (2014) 204). تەنانەت (زیمانسکی)یش کە زانایەکی ئورارتیناسە پێیوایە زۆربەی شار و قەڵا ئورارتییەکان بەهۆی هێرشی سکیثییەکانەوە تێکدراون (Zimansky, (2011), 120).

لەسەر بنەمای ئەم مەترسییە هەڵمەتی سکیثییەکان لە خاکی مانناوە لەڕێگەی خوبوشکییاوە بۆ سنورەکانی دەوڵەتی ئاشوری، تەواو مەترسی لای پاشای ئاشوری دروستکردووە، بەڵام ئەوەی کە مانناییەکانیش هاوبەشی ئەم هێرشانەی سکیثییەکان بوون یان نا، ئەو پرسیارەیە کە دوپاتکراوەتەوە، ئایا نامەبەری ئاشوری بنێرێت بۆ خوبوشکییا یاخود نا؟ هەروەها هیچ دەستەبەرییەك هەیە، کە مانناییەکان (سکیثییەکان و گەلانی تری زاگرۆسیش) هێرشنەکەنە سەر نامەبەری پاشای ئاشوری. مانناییەکان تەنها لەبەشەکانی باکووری ڕۆژئاوا وڵاتی ماننا و سەرسنووری ئاشورییەکان چالاك نەبوون، بەڵکو وا دەردەکەوێت، کە لە ڕۆژئاوا لەناوچەکانی سنوری میدیەکانیش پێکەوە لەگەڵ خشاثریاتی (Hšathriati) لە سنوری مادەکان دژی سوپای ئاشوری پێشڕەوییان کردبێت. بۆ ئەو مەبەستە ئەسەرحەدون پرسیاری لە فاڵگرەوەکە کردووە، وەك پێشتر خرایەڕوو.

## ٢ .٣. ئاشوربانیپاڵ و پاشا ئاخشێری

لەم سەرەتای ساڵانی فەرمانڕەوایی ئاشوربانیپاڵدا پەیوەندییەکانی ئاشورییەکان و مانناییەکان زۆر بە خراپی تێکچوو، هەروەها ئاژاوە لەناوخۆی وڵاتی ماننا ڕوویدا، ئاشوربانیپاڵ لە لەشکرکێشی پێنجەمیدا ڕوویکردە ناوجەرگەی وڵاتی ماننا، سەردەم سەردەمی پاشا ئاخشێری پاشای مانناییەکان بوو، ئاشوربانیپاڵ بەم شێوەیە هەواڵی لەشکرکێشییەکە دەگێڕێتەوە ARAB II, 1927, 851, 326)):

"[لە پێنجەم لەشکرکێشمدا] دژی ئاخشێری بەڕێکەوتم [پاشای ماننای] ...... [کە خۆی بەدەستەوە نەدابوو(؟)] ...... ماننای، ...... ئاشور، ...... من ...... و کرد ...... ئاخشێری [هەواڵی پێگەشت] دەربارەی بەرەوپێشەوەچوونی سوپاکەم و ناردی ...... لەکاتی شەودا بەدزییەوە بەرەوپێشچوون تاکو شەڕ بکەن و لەگەڵ سەربازەکانمدا ڕووبەڕوو ببنەوە. جەنگاوەرەکانم شەڕیان کرد لەگەڵیاندا و تووشی شکستیان کردن. بۆ ماوەی ٣ بێرو (جووت-کاتژمێر[=٦ کاتژمێر]) دەشتە پان و بەرینەکەیان پڕکرد لە [لاشەی کوژراویان]. لەژێر فەرمانی ئاشور و سین و شاماشی خواوەندانی مەزن و سەردارانمدا کە هاتن بە هانامەوە، چوومە ناو وڵاتی مانناوە و بە سەرکەوتوویی بەرەوپێش چووم. لە میانەی هێرشەکەمدا دەستمگرت بەسەر ئاوسیاش(Ausiaš) و قەڵای پاشا-سو (Paša-su) و بوسوتو(Bustu) و ئاشدیاش(Ašdiaš) و ئورکیامون(Urkiamun) و ئوپپیش(Uuppiš) و سیخوا (Siḫua) و نازینیری(Naziniri) و هەشت شاری بەهێز لەگەڵ چەندین شاری

بچووکدا تا دەگاتە شاری ئیزیرتوIZIRTU، هەمووم وێران و خاپوورکردن و بە ئاگر سووتاندمن. خەڵک و ئەسپ و گوێدرێژ و ڕەشەوڵاخ و مەڕەکانم هەموو لەو شارانەوە هێنا و وەک تاڵانیی جەنگ مامەڵەم لەگەڵ کردن. ئاخشێری هەواڵی بەرەوپێشچوونی سوپاکەمی بیست و ئیزیرتوی شاهانەشاری بەجێهێشت و بەرەو ئارتانا(Artana) هەڵهات کە شارێکی قایمکراوی ئەو بوو و خۆی لەوێ مەڵاسدا. شارەکانی ئیزیرتو(IZIRTU) و ئورمێتە(Urmete) و ئوزبیای(Uzbia) شارە بەهێزەکانی ئەوم گەمارۆدا. خەڵکانی نیشتەجێی ئەو شارانەم حەپس کردن (لەناویدا) و ژیانە تەسکەکەیانم لێ ناهەموارکردن (ڕاستەوخۆ، مۆڵم دا و ژیانیانم ناهەموارکرد). ئەو ناوچەیەم گرت و وێران و خاپوورم کرد و بە ئاگر سوتاندم. (بەدرێژایی ماوەی) پازدە ڕۆژ کاولم کرد و ناهەمواریم بەسەردا ڕژاند."

ئاشوربانیپاڵ باس لە درێژەی چوونە قوڵایی وڵاتیماننا و گەڕانەوە و داگیرکردنی شارەکانی تری سەر سنوری وڵاتی ماننا و وڵاتی ماننا دەکات :( ARAB II, 1927, 852, 327)

"لە ماوەی لەشکرکێشییەکەمدا شارەکانی دەوری پاددیرا(padera)م گرت، کە مانناییەکان لە سەردەمی پاشایانی باوانمدا گرتبوویانن و بۆخۆیان باڵیان بەسەردا کێشابوو. بە ئاگر سووتاندمن و تاڵانمکردن. ئەو شارانەم خستە نێو سنووری ئاشورەوە."

ئاشوربانیپاڵ لە لەشکرکێشییەکەی بەردەوام دەبێت و بەرەو ئەوپەڕی باکوری خۆرهەڵاتی وڵاتی ماننا لەشکرکێشی دەکات(ARAB II, 1927,853, 327 ):

"دەڤەرەکانی ئارسیانیش Arsianiš))، کە شوێنەکەی لە بەرامبەر شاری ئایکانانیی(Aikanani) چیاکانی خارسیە(Ḫarsi) لە سەری وڵاتی کومۆردای(Kumurdai)، کە لەناو وڵاتی مانناداپە، کاولم کرد و بە ئاگر سووتاندم. ڕەیدیش-ئادی(Raidiš-adi)ی فەرمانداریانم سەربڕی و سامانەکەیم تالان کرد. دەڤەری ئێریشتێیانا(Erišteiana)م گرت. شارەکانیم کاولکرد و بە ئاگر سووتاندمن و تاڵانمکردن. لە میانەی بەرەوپێشچوونی کەمپەینەکەمدا دەڤەرەکەیم خاپوورکرد و ڕووبەری خاکەکەیم کەمکردەوە. بە تاڵانییەکی زۆر و دیاری بەنرخەوە بە ئارامی گەڕامەوە و (جارێکی تر) پێم بەسەر سنووری ئاشوردا هەڵنا. شارەکانی -ڕوا(-rua ) و شاڕرو-ئیکبێ(Šarru-ikbe) و گوسونێ(Gusune) و – ڕوتێ((-rute و شارەکانی سەرسنووری ئاشوری، کە مانناییەکان لە سەردەمی پاشایانی باوانمدا گرتبوویانن، -ئەم نشینگانەم گرت (و) مانناییم لێدەرپەڕاندن. ئەسپ و چەک و کەلوپەلی سەربازییانم بەرەو ئاشور بارکرد. ئەو شارانەم وەرگرتەوە و خستمنەوە ناو سنووری وڵاتی ئاشور. ئاخشێری کە لە دەسەڵاتی من نەدەترسا، -[ئاشور و عەشتار] گەیاندیانە (ڕاستەوخۆ، دایانە) دەست خزمەتکارەکانی خۆی. خەڵکی وڵاتەکەی یاخیبوونێکیان دژی دەستپێکرد. بەنێو شەقامەکانی شارەکەی[ئیزیرتوی پایتەخت]دا جەستەیان فڕێدا و لاشەکەیان بەجێهێشت."

لێرەدا بەپێی دەقە شاهانەکانی ئاشوربانیپاڵ کە بێگومان بەدەریش نییە لە پڕوپاگەندە، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەو ڕاستییەشی تێدایە کە ئاشوربانیپاڵ سیاسەتی پەیمانشکێنی هاوپەیمانانی پێشووی ئاشوری بەتەواوی تورەیان دەکرد، و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە چەندین ناوچە، لەناویانیشدا وڵاتی وەک ماننا و عیلام بەتەواوەتی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و وێرانکاری تێدابکات، لەبەرئەوە وەک دەقە شاهانەکانی ئاماژەیان پێداوە کە لە چەندین لاوە پەلاماری شار و هەرێمەکانی وڵاتی مانای داوە و ناوی چەندین شار و هەرێمی هێناوە کە لەوەوپێش لە هیچ دەقێکدا ئاماژەی پێنەدراوە، ئەمە واتای ئەوەیە ئەم شارانە لەوانەیە بۆ یەکەمجار بووبن کەوتبنە ژێر ڕکێفی ئاشورییەکانەوە. ئەوەی گرنگە لێرەدا بیزانین، پاشا ئاخشێری نەچووەتە پێشوازی ئاشوربانیپاڵ، بەڵکو بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و پەلاماردانی ڕۆیشتووە، هەروەها لە هیچ شەڕێکیشدا ئاخشێری دەستگیرنەکراوە و لە کاتی شکانیدا کشاوەتەوە و بۆ شار و هەرێمی تر، بەڵام نازانین ئاشوربانیپاڵ لەم تۆمارانەیدا ڕاست دەڵێت کە داخۆ دوای گەڕانەوەی بۆ شارەکەی خەڵک لێی ڕاپەڕیون تەرمەکەیان بە شەقامەکانی شاری ئیزیرتوی پایتەختدا ڕاکێشاوە! دەکرێت وابووبێت، ئەگەر وابووبێت ئایا هۆکاری ئەو ڕاپەڕینە بەهۆی شکستی ئەم پاشایەوە بوو لە بەرگری یاخود کودەتایەک بووە ئەم شکان و لاوازییە بە دەرفەت زاندراوە، بێگومان لەبەر نەبوونی سەرچاوە و دەقی مانناپی و ناخۆیی لە ئێستادا ناتواندرێت ئەمە ساغبکرێتەوە. هەروەها لەسەر بنەمای دەقەکانی سەردەمی پێش بوشتو(Buştu) کە قەڵا و ناوچەیەکی پەیوەست بووە بە پارسوا، بەڵام لەسەر بنەمای

ڕاپۆرتی لەشکرکێشییەکەی ئاشوربانیپاڵ لە دەیەی سێهەمی سەدەی حەوتەمی پێش زایینی، ئەم قەڵا و ناوچەیە سەر بە قەڵەمڕەویماننا بووە(ARAB II, 1927, 851, 326).

پێشڕەوییەکانی ماننا بۆسەر ئاشور لەگەڵ هاتنی ئاشوربانیپاڵ و نوێکردنەوەی لەشکرکێشییەکانی ئاشورییەکاندا بۆ سەر زاگرۆس پێچەوانە بووەوە، لە نوسراوەکانی ئاشوربانیپاڵدا بەڕوونی باسی ئەوە کراوە، کە پاشایەکی ماننا چەندین بەشی سنووری ئاشوری لە زاگرۆس لەسەردەمی باوباپیری ئاشوربانیپاڵدا داگیرکردووە.(Lanfranchi, 2003, 114).

لەدەقە شاهانەکانی ئاشوربانیپاڵدا باس لە دوو لەشکرکێشی کراوە؛ بۆسەر وڵاتی ماننا کە دانەیەکیان بە لەشکرکێشی چوارەم و ئەوەی تریان بە لەشکرکێشی پێنجەم ناسراوە، هەرچەندە لەوانەیە هەردووکیان هەر یەک لەشکرکێشی بوون، و جیاوازییەکی کەم لەنێوان هەردوو دەقەکەدایە، بۆ نمونە شوێنی خۆحەشاردانی پاشا ئاخشێری لەنوسراوی یەکەمدا بە شاری (ئاترانا) ناوی هاتووە، و لەنوسراوی دووەمدا بە شاری (ئیشتاتی)، تەنانەت پازدە دێڕی کۆتایی نوسراوەکە یەکسانن، لەوانەیە هەڵمەتی سەر ماننا لە دوو ساڵدا ئەنجامدرابێت، و نێواندژییەکانی نوسراوەکان لەو ڕووەوە بن. لە ناوەڕۆکی نوسراوەکانەوە لە دوو ڕووەوە پەی بە هێزی مانناییەکان دەبەین لەو سەردەمەدا، یەکەم مانناییەکان، پلانی سەربازی باشترین بەرگریکردن، هێرشبردنەیان پەیڕەوکردووە، و تەنانەت لەشەودا پەلاماری سوپای ئاشوریان داوە، دووەم وەک دەردەکەوێت، ئاشورییەکان لەو لەشکرکێشیانەدا سەرکەوتنی تەواویان بەدەستنەهێناوە، هەرچەندە لە ڕاپۆرتەکاندا باسی ئەو زیانە زۆرانە کراوە کە بە ماننایان گەیاندووە. بەپێی دەقەکانی ئاشوربانیپاڵ دەردەکەوێت، کە نەیانتوانیوە ئاخشێری دەستگیربکەن و کۆتاییپێبهێنن، بۆیە هەوڵیانداوە لە ڕێگای کوڕەکەیەوە کودەتای بەسەردا بکەن و کۆتاییپێبهێنن. (دیاکۆنۆف، ٢٠٢١،ل ل ٥٠٨- ٥٠٩).

## ٣. پەیوەندیی پاشایانی ماننا و پاشایانی ئاشوری لەکاتی ئاشتیدا

### ٣. ١. تێگلات – پلێسەری سێیەم و پاشا ئیانزو

بە هاتنی ئەم پاشایە، پەیوەندیی دۆستایەتی لەنێوان ماننا و ئاشوردا دروستبووە. بەپێی دەقەکان، لەم سەردەمەوە ڕێنووس و زمانی ئارامی باڵی بەسەر هەرێمەکاندا کێشاوە، و پاشایانی مانناش ئەم خەت و زمانەیان بۆ نووسینە شاهانەکانیان بەکارهێناوە، تێگلات-پلێسەر لە ساڵی (٧٣٧پ.ز.)دا هێرشیکردووەتە سەر ناوچەکانی زاگرۆس، چەند هەرێمێکی بە ئامانج گرتووە، بەڵام بەرەو ماننا پێشڕەویی نەکردووە. ئەمەش بەڵگەی هەبوونی دۆستایەتییە لەنێوان ماننا و ئاشوردا. ڕاپۆرتی ئەم لەشکرکێشیانەش، کە لە ساڵنامەی ئەو پاشایەدایە، هەروەها لە میلەکەیدا دۆزراوەتەوە، کە لە ناوچەکانی زاگرۆس لە نەجەف ئاباد دۆزرایەوە (Levine,(1972), pp. 6-11). لەو دەقانەدا باس لەوە کراوە، کاتێك ئیانزو هەواڵی لەشکرکێشیی ئاشوری بیست، لە شاری مەگدوش(Magduš) بووە، چووەتە پێشوازیی پاشای ئاشور و خەڵاتی هەمەجۆری بۆ بردووە. ئەمەش لایەنێکی گرنگی پەیوەندیی دیپلۆماتی پاشایانی مانی و ئاشورییەکان دەردەخات، هەرچەندە پەیوەندییەکی نابەرامبەربووە و ئاشورییەکان لەوپەڕی بەهێزیدابوون، و مانناییەکانیش لەڕێگەی دیاری و باجەوە ویستوویانە خۆیان لەشەڕ و کاولکاریی سوپای ئاشوری بپارێزن. بەپێی ئەم تۆمارە شاهانەیە بێت، ماننا پەیوەندیی دۆستایەتیی هەبووە لەگەڵ ئاشوردا، باج و خەڵاتی داوەنتێ، بۆیە هێرشی نەکراوەتەسەر، جۆری باجەکە بریتی بووە لە (ئەسپ، مەڕوماڵات، گا، پێداویستیی سەربازیی). (RINAP I, 17,10b-12, 53):

"لە کاتی گەڕانەوەمدا، ئیانزوی پاشای ماننا دەربارەی کارە پاڵەوانییەکانی خودای ئاشوری بیست، گەوەری من، کە بەردەوام لەگەڵ فەرمانڕەوایانی ناوچە شاخاوییەکان ئەنجامیدەدا، ترسی لێنیشت، سەرکەوت بەرەو شاری سومبی، قاچی ماچکردم، ئەسپ و خەڵاتی گرانبەهای پێشکەشکردم و لەگەڵ خۆم هێنامنەوە."

## ٣. ٢. شەڕڕوکینی دووەم و پاشا ئوللوسونو

شەڕڕوکینی دووەم زۆر گرنگیی بەم ناوچەیە داوە، لەبەر چەند هۆکارێک؛ ئەسپەکانیماننا جێی بایەخی بوون، بەتایبەتی ئەسپە بەناوبانگەکانی هەرێمی مێسو، چونکە بۆ سوپای ئاشوری بایەخی گرنگیان هەبوو. ئەم گرنگییەش لەو نامانەدا دەردەکەون، کە سەنحاریب (Sennacherib) ی جێنشین بۆ شەڕڕوکینی باوکی نووسیوە، ئەوکاتەی شەڕڕوکین لە بابل بوو، لە پایتەخت، شازادەی جێنشین سەنحاریی بەجێهێشتبوو بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی، ئەویش بەم شێوەیە نامە بۆ باوکی دەنووسێت، دەربارەی پەیوەندی مانناییەکان و ئاشورییەکان. دانانی سەنحاریی کوڕی وەك جێنشینی خۆی لەوڵاتی ماننا، بەڵگەی هەبوونی هاوپەیمانییە لەنێوان ئاشور و مانناداً، کە وەکو نوێنەری دەسەڵاتی ئاشور لە ماننا بووە (Elayi,2018,53). شەڕڕوکین لە سەرەتای چوونە ناو ناوچەکە لەگەڵ ئوللوسونوی پاشای مانناداً دانیشتووە و پێدەچێت هەماهەنگیی پێویستی لەگەڵ ئەودا کردبێت. لە چاوپێکەوتنی دووبارەی شەڕڕوکین و ئوللوسونو (Ullusunu)و لەشکرکێشییەکانیان پێکەوە، لەوانەیە بە ناونیشانی کۆتایی ئامادەیی ڕوسا و سوپاکەی ئوراڕتو لە ناوچەکە، بتوانرێت هۆکاری هێرشی شەڕڕوکین بۆ سەر ئوراڕتو ڕوونبکاتەوە.

شەڕڕوکینی دووەمی ئاشوری لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ پاشایانی مانناییدا هەبوو، لەشکرکێشییەکانی بۆسەر هەندێک هەرێمی ماننا بەناوی پاراستنی سەروەری دەسەڵاتی پاشای ماننا، و سنوری شانشینی ماننا بووە، هەرچەند بێگومان مەبەستە شاراوەکە پاراستنی بەرژەوەندی ئاشورییەکان بوو، لە دەستکەوتنی باج و سەرانەیەکی زۆر و سەرچاوەیەکی زۆر باشی ئەسپ، کە ئاشورییەکان زۆریان پێویست بوو بۆ شەڕ و سوپا گەورەکەیان، ئەمە جگە لەوەی کە ماننا بەربەستێکی گرنگ بوو لەبەردەم داگەڕانی سوپا و هێز و سنوری ئوراڕتییەکان بۆ ناوچەکانی سنوری خۆرهەڵاتی دەوڵەتی ئاشوری. لەبەرئەوە شەڕڕوکین لە لەشکرکێشی هەشتەمیدا بەشێک لە شار و قەڵاکانی وڵاتی مانناى داگیرکردەوە کە میرە مانناییەکانی هەرێمەکان ڕادەستی ئوراڕتییەکانیان کردبوو. شەڕڕوکین لە لەشکرکێشی ساڵی سێیەمی فەرمانڕەواییدا بەم شێوەیە باسی هێرشەکەی دەکات (ARAB II,1927, 6 II. 32-42, 3):

"لە سێیەمین ساڵی فەرمانڕەواییمدا، شوانداخول (Šuandaḫul) و دوردوککا(Durdukka)، شارانێکی بەهێز، پلانیان دانا دژی ئیانزوی مانناىی پاشا و سەروەریان شەربکەن، کە پیاوی من بوو (نیرەکەی ڕادەکێشام)، و متمانەیان بە میتاتتیی(Mitatti) [فەرمانڕەوای هەرێمی] زیکیرتو کرد. میتاتتی زیکیرتو جەنگاوەرانی خۆی پێدان لەگەڵ سوارەکانیاندا و (بەمشێوەیە) پاڵپشتیان لێکرا. منیش هێزەکانی سوپای ئاشورم کۆکردەوە و بەرێکەوتم بۆ گرتنی ئەو شارانە. بە سەرە بەرانی بەهێز[گالیسکەیەکی تایبەتی شکاندنی دەروازە و ڕووخاندنی شوراکان بوو]، دیوارە تۆکمەکانیانم ڕووخاند و لەگەڵ زەویدا تەختم کردن.خەڵک وماڵومولکیانم بەتاڵان برد. ئەو شارانەم وێران و خاپوور کردن و بە ئاگر سووتاندمن. [خەڵکی] شارەکانی سوککا(Sukka) و بالا (Bala) و ئابیتکنا(Abitikna) پلانێکی بەدکارانەیان دانا بۆ هەڵکەندنی ڕەگ و ڕیشەی وڵاتەکەیان و لەگەڵ ئورسای ئوراڕتو گەشتنە ڕێککەوتن. بەهۆی ئەو گوناهەی ئەنجامیان دابوو، لە ماڵەکانی خۆیان هەڵمکەندن [ڕامگواستن] و لە خاتتیی ئامورڕو نیشتەجێم کردن."

هەروەها پێشوازییەکی تری دیپلۆماتی مانناییەکان لە پاشا شەڕڕوکین بەم شێوەیە بووە، لە شاری؟ هەرێمی؟ سیرداککو(Sirdakku) خەڵك چاوەڕێی سوپای شەڕڕوکین بوون، گوایە خزمەتکار و کارگوزاری ئاشورن، ڕێوشوێنی بەخێرهاتنیان سازکرد، شەرابیان بۆ سوپاکەی ئامادەکرد. ئوللوسونو (Ullusunu)کوڕە گەورەکەی بە شەڕڕوکین وەک بارمتە پێ سپارد، بەمەبەستی پێشنیاری دۆستایەتی و دڵنیایی. لەوێ بە خۆشیی ئوللوسونو (Ullusunu)و مانناییەکان ئاهەنگێك سازکرا، ئەگەرچی پاشای ماننا لەخوار شەڕڕوکینەوە دانیشتبوو، لەگەڵ ئەوەشدا پێگەی لەهەمووکاتێکی ئیانزوی باوکی بەرزتر بوو(ARAB II,1927,149, 77). لێرەدا دەبێت لەسەر ئەم دەقە هەڵوەستەیەک بکەین، دەقە شاهانەکەی شەڕڕوکین دەڵێت کە پاشای ماننا ئوللوسونو لەلای خوارەوەی شەڕڕوکین دانیشتبوو، ئەمەش دوو خاڵ دەگرێتەوە، ئەگەر لایەنی ئەتەکێتی میوانداری بووبێت، ئەوە شتێکی ئاساییە کە پاشا وەک ئەتەکێتی میوانداری و ڕێزلێنانێک لە پاشای ئاشوری هاوپەیمان و پشتوپەنا میوانی، شەڕڕوکینی لەلای سەرووی خۆیەوە دانابێت، بەڵام ئەگەر لەبەرئەوەبووبێت کە پاشای ماننا، ئوللوسونوی وەک میری هەرێمێکی سەر بە دەوڵەتی ئاشوری ڕوانیبێت، ئەوا پەیوەندییەکی نابەرامبەر دەبیندرێت. ئەگەر ئەوەی یەکەمیان دروستبێت ئەوە

دەتوانین بڵێین  ماننا بووەتە هاوپەیمانێکی تارادەیەک هاوسەنگی وڵاتێکی زلهێزی وەك ئاشور، ئەویش بە بەراورد بە پەیوەندی ئاشورییەکان لەگەڵ میر و سەکردەی هەرێم و ناوچەکانی تری گەلانی زاگرۆس، بەتایبەت بە میدییەکان، کە چەند دەدەیەک دواتریش نەیاتوانی ئەو هاوپەیمانییە بەو شێوەیە و بەو ئاستە لەگەڵ ئەسەرحەدونی کوڕەزای شەرڕوکینیشدا ئەنجام بدەن، ئەو سەرکردە میدییانەی، کە لەگەڵ ئەسەرحەدوندا رێککەوتن ناویان (زاناسانا Zanasana) ی شاری پارتوکاکا(Partukaka)، ئوپپیس(Uppis)ی شاری پارتاککا (Partakka)، راماتایا (Ramataya)ی شاری ئوروکازابارنا (Urukazabarna) بوو، و وەک سەرکردەی هێزێکی یاریدەدەری سوپای ئاشوری پەیماننامەیان لەگەڵ بەسترا، ئەویش پەیماننامەیەک کە تەنها جێبەجێکردنی فەرمان و داواکارییەکەی ئەسەرحەدون بوو بەیەک ئاراستە، ئەویش پشتگیری لە هەڵبژاردن و پەیماندان بە شازادەی بچووک ئاشوربانیپاڵ، و پشتکردنە شازادەی جێنشین و براگەورەکەی ئاشوربانیپاڵ بوو. (SAA IV, 36:2-3, pp.40-41).

لایەنێکی تری پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی ئەو میواندارییەی شەرڕوکین لە کۆشکەکەی ئوللوسونو بریتی بوو لە پێشکەشکردنی دیاری و کەلوپەلی گرانبەها لەلایەن فەرمانڕەوایانی هەردوو قەڵای هەرێمی گیزیلبوندای سنوری شانشینی ماننا، لەلایەن میر زیزی (Zizi) لە ئاپاتار(Apatar)، و میر زالایە(Zala) لە کیتاپتا(Kitapta) کە دەکەونە سەر سنوری پارسوا لە باشوری خۆرهەڵاتی شانشینی ماننا، دیارییەکان لە کۆشکەکەدا پێشکەش بە شەرڕوکین کران (Melville, 2016, pp. 124-125). شەرڕوکین پەیمانی پێدان دژی ڕوسا و سوپای ئورارتی بوەستێت و شکست بە ئورارتو بهێنێت، وەک خۆی دەڵێت ئارامی بۆ دانیشتووانی ماننا بگەڕێنێتەوە (ARAB II,1927, 148, 77). شەرڕوکین پێویستی بەم هاوپەیمانییە بوو، چونکە ئەگەر پاشایان و میرەکانی ماننا پشتیان بکردایەتە ئاشورییەکان، و ببونایەتە هاوپەیمانی ئورارتییەکان، ئەوا تەواوی ماننا دەکەوتە دەست ئورارتو، و بەم شێوەیە ئورارتییەکان دەیانتوانی هەموو سنوری رۆژهەڵاتی دەوڵەتی ئاشوری گەمارۆبدەن، و سنورێک بۆ فراوانخوازییەکانی ئاشورییەکان لە زاگرۆس دابنێن، و ڕێگە بازرگانییەکانی رۆژهەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی ئاشوری بنبەست بکەن، هەرچەندە ئورارتییەکان توانییان بەرەو باشوری رۆژهەڵات بکشێن، بەڵام ئەمە کاتی بوو.

ئاشورییەکان وەک جاران پاراستنی هەموو شوێنەکانی ماننایان دوپاتەدەکردەوە لە هەڕەشەی ئورارتووەکان، بۆیە مانناییەکان بووبوونە دوو بەش، بەشێکیان لەگەڵ ئاشورییەکان مانەوە، بەشەکەی تریان پاڵپشتیی ئەوەیان دەکرد، کە لەگەڵ ئورارتووەکان هاوپەیمانی ببەستن، کە میتاتی (Mitatti) میری هەرێمی زیکیرتوی ماننا و پارێزگار دایائوککو(Daiukku) رابەرایەتییان دەکرد، ژمارەیەک شاری مانناپی چوونە پاڵیان و دژی پاشای مانناییەکان یاخی بوون. شەرڕوکینی دووهەم یەکێک لە ژێر دەستەکانی بریتی بووە لە ئیانزو، لە هەمان کاتدا ترسناکترین رکابەر بووە، ئەگەر چی نازناوی پاشا بۆ میتاتی بەکارنەهاتووە، بەڵام پاردا (Parda)ی پایتەختی زیکیرتو وەک شارێکی شاهانە داناوە(ARAB II,1927, 19.II.101-39, 8).

هەروەها لەدەقێکدا شەرڕوکین باس لە چاوپێکەوتنی خۆی و ئوللوسونو (Ullusunu)دەکات، کە دیاریی گرانبەهایان بە یەکتر بەخشیوە (ARAB II,1927,210.F, pp.108-109):

"لە ئیزیرتوی پایتەختی خۆیەوە هاتە پێشوازیم، هەرێمی/وڵاتی لارونێتێ(Lāruete)، ی سەر بە ئاللابریا، هاتە بەردەمم ... یەك خەنجەری ئاسن و پۆشاکی خوری و کەتانی رەنگینم بە ئەودا، ئەڵقەیەکم کردە پەنجەیەوە، بەڕوویەکی گەشەوە گەڕایەوە بۆ ناوچەکەی خۆی."

ئەمەش یەکەم جارە، کە پاشای ئاشور دیاری شاهانەی ڕووبەڕوو پێشکەش بە مانناکان کردبێت، بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر بەهێزیی پەیوەندیی نێوان ماننا و ئاشور. پێدانی دیاری خەنجەر هێمایەکی دیپلۆماتی گرنگی پەیوەندییەکانە، بەڵام پێدانی جلوبەرگی نەخشین و رەنگاورەنگ، بەتایبەتی کەوای رەنگ ئەرخەوانی و مستیلە دیاری ئاسایی شاهانە بوون و تەنانەت بە سیخورەکانیش بەخشراون. (Marf 2016, 157).

جێی ئاماژەیە سەنحاریب کاتێك شازادەی جێنشین بوو و شەرڕوکینی باوکی لە بابل بوو، ئەویش لە نەینەوا پێشوازیی لە نامەبەری مانناییەکان کرد، کە ئەسپ و باجیان بۆ وڵاتی ئاشور هێنابوو، سەنحاریب لەنامەیەکدا بۆ شەرڕوکینی باوکی دەڵێت (SAA I, 29, r.18-21, 29):

"نامەبەری (پاشای)مانناییەکان هات بۆلام و ئەسپی وەك دیاری هێنابوو، سڵاوی گەلی مانناییەکانی پێگەیاندم. جلی ئەرخەوانیم لەبەرکردو و بازنەی زیوم کردە قۆڵی".

بەم شێوەیە خشڵ و جلوبەرگ دیاریی شاهانە بوون، و وەك نەریتێکی دیپلۆماتی بەخشراون بە میوانان و شاندەکان، یان وەك دیاریی شاهانە بە پاشاکان دراون، لەلایەکی ترەوە ئاشورییەکان خشڵ و بەرگی ئەرخەوانییان بە سیخورێکی میدییش بەخشیوە (SAA XV, ٩١:r.١-٩, ٦٢).

دوای ساڵی (٧١٤ پ.ز.) ماننا لەناوچەکەدا پێگەیەکی باشی هەبووە، لە ساڵانی کۆتایی فەرمانڕەوایی شەڕڕوکیندا زانیاریی کەم خراونەتەڕوو پەیوەست بە پەیوندیی نێوانیانەوە، هەروەها چەند نامەیەکی شەڕڕوکینی دووەم باس لە هەندێك دیاردە دەکەن لە ماننا، لە یەکێك لە نامەکاندا باسی دزینی ئەو ئەسپە شاهانانە دەکات، کە بە دیاری بۆ پاشای ئاشوری نێردرابوون (Marf ٢٠١٦, p.٧٩; SAA ٥, ٢١٨). نامەیەکی تر باس لە هەڵهاتنی دیلەکان دەکات بەرەو قەڵەمڕەوی ماننا (Parola & Poeter, ٢٠٠١, ٣٦).

### ٣. ٣. ئاشوربانیپاڵ و پاشا ئواڵلی

براکانی و بنەماڵەکەی و خانەدانەکان ئەویان بە شمشێر کوشت، دوای ئەوە ئواڵلی کوڕی ئاخشێری، لەسەر تەختی باوکی دانیشت. هێزی خودای ئاشور سین.... ڕا ئەوی (ئواڵلی) بینی و وەکو داردەستی ئاشوربانیپاڵ پەسەندیکرد، بۆ ڕزگاریی ژیانی خۆی، دەستەکانی بۆ پاڕانەوە بەرزکردەوە و داوای پاراستنی لە ئەو کرد، پاشا ئواڵلی یەکێک لە کوڕەکانی بەناوی ئاریسێنی وەک بارمتە نارد بۆ نەینەوا، قاچی ئەوی ماچکرد، یەکێك لە کچەکانیشی ناردە کۆشکەکەی ئاشوربانیپاڵ، باجی پێشووی، کە هێی سەردەمی پێش ئەو بوو، لە ناردنی کەمتەرخەمییان کردبوو، بۆی برد. ئاشوربانیپاڵ سیاسەتی بە بارمتەگرتنی شازادەی مانناییی جێبەجێکرد(ARAB II, 1927, 786, p.299). ئەمەش بۆ ئەوەبوو کە مانناییەکان بیر لە یاخیبوون دژی سوپای ئاشوری نەکەنەوە، بە پێچەوانەوە شازادەی مانناییی لەلایەن ئاشورییەکانەوە دەکوژرا، ئەمە جگە لەوەی کە ئاشورییەکان ئەو شازادە بارمتەیەیان لەگەڵ شازادە ئاشورییەکان بەخێودەکرد و وەک ئەوان ڕایان دەهێنان، ئەمەش بۆ ئەوەبوو کە شازادەی داهاتووی ئاشوری لەبری دوژمنێک دۆستێک و هاوڕێیەکی ببێتە پاشای دراوسێ(Marf, 2016, pp.154-156). لەدوای ئەو هاوسەرگیرییە سیاسییەوە پەیوەندی مانناییەکان و ئاشورییەکان باشبوو، تەنانەت کاتێك ئواڵلی (ئێرسپینی) نێردراوی خۆی ناردە لای ئاشورییەکان، تاکو بە هانایانەوە بێت، لێرەدا کتومت وەکو باپیری (ئوللوسونو) ئەو کارەی کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە نوسراوەکانیدا ئاماژە بەوە نەکراوە، کە سوپای ئاشوری خستبێتە خزمەتی و هاوکارییەکی کرداری و کاریگەری ئواڵلیی کردبێت، سەرباری ئەوەش پاشای ماننا هەتا کۆتایی بە هاوپەیمانی ئاشور مایەوە.

دەقە ئاشورییەکان هیچ جۆرە زانیارییەکیان لە کۆتایی ساڵانی حکومەتەکەی ئاشوربانیپاڵدا دەربارەی پەیوەندیی ماننا نەداوە، کە لەسەردەمی پاشاکانی دواتردا زانیاریی ئەوتۆ لەم ڕووەوە لەبەردەستدا نییە. پەنجا ساڵی کۆتایی ژیانی سەربەخۆیی ماننا لەئێستادا هیچ جۆرە زانیارییەك لەبەردەستدا نییە، تەنها ئەوە نەبێت، کە لە نوسراوەکەی ئاشوربانیپاڵدا ماننا بەڵێنی پێدانی باجی داوە لە دەوروبەری ساڵی (٦٦٣ پ.ز.)، لە دەقە بابلییەکانیشدا ئاماژە بە بەشداریی مانناییەکان کراوە لە شەڕەکانی بابلی و ئاشورییەکان لە قابلینو لە ساڵی(٦١٦پ.ز.) بەمەبەستی هاوکاریکردنی ئاشورییەکان(Wiseman, ١٩٥٦, p.٤٤).

### ٤. سیاسەتی باج و باجگریی ئاشوری دژی مانناییەکان

ئاشورییەکان باجیان لە مانناییەکان وەردەگرت و ساڵانە ئەو باجە بۆ پاشای ئاشوری دەنێردرا، بەڵام ئەگەر دوا بکەوتایە ئەوا لەشکرکێشییان دەکردە سەریان. هەروەها ڕاپۆرت و وردەکارییەکانی ناوچەکە لە ڕووی سیاسی و جموجوڵی دراوسێوە بنوسن و بینێرنەوە بۆ ئاشور (RIMA III A.O.102.6. III 58-iv 6).

### ٤. ١. شالمانیسەری سێیەم و پاشا ئیانزو

شالمانیسەری سێیەم لەماوەی فەرمانڕەواییدا، قەڵەمڕەوی ئاشوری فراوانتر کردووە و لەشکرکێشییەکانی بۆسەر وڵاتانی دراوسێی ئەنجامداوە، بە مەبەستی سەپاندنی باڵادەستی ئاشور و باج بەسەر ئەو شوێنانەی کە داگیریاندەکات، (RIMA III A.١٠٢,٦.٠٠. III ٥٨-iv ٤) :

"لە ساڵی شازدەهەمینی فەرمانڕەواییمدا لە شاری ئەربائیل (Arbail) ەوە دەرچووم بەدەربەندی کوللار(Kullar)دا تێپەڕیم، لەناو وڵاتی زاموا(Zamua) قەڵایەکم دروستکرد، لەقووڵایی وڵاتی زامواوە هەتا وڵاتی موننا (Munna)م داگیرکرد، لە مونناوە چووم بۆ ئاللابریا (Allabria) و شاری ئادیرا؟ (Adira)، شاری شاهانەی پاشا ئیانزی (Ianzi) و گەمارۆمدان، باجم لێوەرگرتن ."وەک دەبینین، شالمانیسەر پەلاماری وڵاتی مانناو هەرێمەکانی داوە، و پایتەختی ئەوکاتەی ماننا کە شاری ئادیرا بووە و پاشا ئیانزوی لێ نیشتەجێبووە گەمارۆداوە، بەڵام دواتر مانناییەکان لەگەڵ ئاشورییەکان ڕێکەوتوون، و پاشای ماننا باجی بە ئاشورییەکان داوە.

### ٤. ٢. شەمش ئەدەدی پێنجەم، هاوسەردەمی پاشا ئوداکی

شەمش ئەدەدی پێنجەم لەسەر سیاسەتی شالمانیسەر بەردەوام بوو، درێژەیدا بە لەشکرکێشییەکان و سەپاندنی باج بەسەر وڵاتانی دەوروبەریدا (ARAB I,1926, 718, 255 ):

"لەهەڵمەتی لەشکرکێشی سێیەممدا لە ڕوباری زابان (Zaban) پەڕیمەوە، بەکێوی کوللاردا Kullar تێپەڕیم، بەرەو زەویی نائیری ڕۆیشتم. باجم بەسەر دادی(Dadî) پاشای خوبوشکیادا سەپاند، لە پاشا شارسینا (Sharsina)، کوڕی مێکدیارا (Mekdiara)، بەرەو وڵاتەکانی سونبای (Sunbai)، ماننا، پارسوا، تاورلای Taurlai))، ئەسپ و وشتری دوو جووت کۆپارەڵیسەندن، گەیشتمە مێسو، بوومە کامەرانی و بەختەوەری بۆ ئاشور، ..." .

لە لەشکرکێشی سێیەمدا بە چیای کوللاردا تێپەڕیوە، چووەتە خوبوشکیا و شارسینا (گوندی شارستێنی ئێستا، کە دەکەوێتە خوار زێی خوارووەوە، نزیکی شارەدێی بنگرد.) و مەکدیارا و پاشان چووە بۆ زەوییەکانی سونبای (بەبۆچوونی لیڤین شاری قەڵادزێیە) (Levine, 1977, 19-20). هەروەها چووەتە ماننا و پارسوا و تاورلای، باج و سەرانە و ئەسپی لێوەرگرتوون. ئاماژە بە سەرکەوتن و شانازیکردن بە دەسەڵات و گەیشتن بە هەندێك شوێن، کە تەنانەت باڵندەکانیش پێیاننەگەیشتوون، گەمارۆیداون و پێنج سەد شاری وێرانکردووە. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە دەسەڵاتی ئاشور زۆر بەهێز بووە و تاڵانییەکی زۆر بکات و زەوییەکان بسوتێنێت (ARAB I, 1926, 718, pp. 255-256).

### ٤. ٣. ئەدەد نیراری سێیەم و پەیوەندییەکانی لەگەڵ مانناییەکان

ئەدەد نیراری سێیەم هەوڵیدا قەڵەمڕەوی ئاشور فراوانتربکات و باجی زیاتر بۆ دەوڵەتی ئاشور دەستەبەربکات، بۆ ئەو مەبەستە چەندین شوێنی تری گرت و باجی بەسەردا سەپاندن (Rima III, 1996, 8.5b-14: pp.212-13);

"شاخی سیلونا (Siluna)م گرت، لە ڕۆژهەڵاتی زەوییەکانی نامری، ئیلیپی (Ellipi)، خارخار(Ḫarḫar) ، ئارازیاش(Araziaš) ، مێسو، میدیا، گیزیل-بوندا بە تەواوەتی، موننا، پارسوا، ئاللابریائاللابریا، ئەبدادانو(Abdadanu)، تەواوی وڵاتی نائیری، ئاندیا کە لەوپەڕە، شاخی بادخو (Badḫu)، هەتا دەریای گەورەی لە ڕۆژهەڵات (مەبەستی دەریای خەزەرە)،... هێنامنە ژێر فەرمانڕەوایی خۆم و باج و سەرانەم لەسەر دانان."

لەم لەشکرکێشیەیدا ئەداد-نیراری سێیەم وا نیشان دەدات، کە تەواوی وڵاتی ماننای داگیرکردووە، بەتایبەت داگیرکردنی هەرێمی ئاندیا، کە دەکەوتە ئەوپەڕی باکوری خۆرهەڵاتی وڵاتی ماننا و باشوری خۆرهەڵاتی دەریاچەی ورمێ.

پاشا بەپێی دەقەکان بەم شێوەیە باسی داگیرکارییەکەی کردووە، شاخی سیلونا(Siluna) (ناوچەی قەرەداغ-دەربەرندیخان) سابان، ئیلیپی(Ellipi)، خارخار(ناوچەکانی باشوری خۆرهەڵاتی سنە، ئارازیاش، مێسو(ناوچەکانی خۆرهەڵاتی پێنجوێن مەریوان))، ماد(ناوچەکانی

کرماشان و دەوروبەری)، هەموو گیزیلبوندا(ناوچەکانی خۆرهەڵاتی سەقز و بۆکان ومهاباد، ماننا(ناوچەکانی بۆکان و سەقز و سەردەشت)، پارسوا(ناوچەکانی نێوان سنە و مەریوان)، ئاللابریا(لە نێوان سەقز و مەریوان)، ئەبدادانو، نائیری(باشوری خۆرئاوای دەریاچەی ورمێ و باکوری خۆرئاوای وڵاتی ماننا)، هەتا دەریاچەی ورمێ (یان دەریای خەزەر/قەزوین)ی خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆی و باجی بەسەردا سەپاندوون. بەم پێیە دەردەکەوێت، بەپێی پێڕستی ساڵنامەکەی ئەداد-نیراری سێیەم و شامورامات (سەمیرامیس)ی ژنی ئەوە دەردەکەوێت، کە لە ساڵەکانی (٨٠١، ٧٩٤، ٧٩٣، ٧٩٠، ٧٨٩، ٧٨٧ پ.ز.) هێرشەکانیان بۆ سەر خاکی ماد بوون. هەروەها لە ساڵەکانی (٧٠٧ و ٧٠٦ پ.ز.)دا دوو هێرش کراونەتە سەر ماننا. لەشوێنێکی تری ئەم پێڕستەدا ئاماژە بە دوو هێرشی تر کراوە بۆ سەر ماننا لە ساڵەکانی (٨٠٠ و ٧٩٩پ.ز.). ( Radner,2003, 42). ئەم هێرشانە لە بنەمادا بۆ سەر هێزە ئورارتییەکان بوون، کە لەو ناوچانە جێگیرکراون. شەمشی-ئەدەد لە ساڵی (٨١١پ.ز.)، کە شانشینەکەی بۆ کوڕەکەی بەجێهێشت، ئەداد نیراری سێهەم هەر لە وەرگرتنی دەسەڵاتەوە دەستی بە هێرشکردن کراوەبوو بەرەو باکوری ڕۆژئاوا، چونکە مەترسیی گەورەبوون بۆسەر وڵاتی ئاشور. بەتایبەتی سەرکوتکردنی هۆزە و شانشینەکانی زاگرۆس، کە لەسەردەمی ئاشورناسرپاڵی دووەمەوە بەرهەڵستکاری داگیرکاری ئاشورییەکان بوون (Hall, 2016, 456).

## ٤. ٤. تێگلات – پلێسەری سێیەم و پاشا ئیانزو

تێگلات – پلێسەری سێیەم باس لە جۆرەکانی باج و سەرانە دەکات کە بەسەر ئیانزوی پاشای مانناییەکان و پاشایانی شار و هەرێمەکانی خۆرهەڵات و باشوری وڵاتی ماننادا سەپاندویەتی(RINAP I: III 24-30, 87):

"لەگەڵ ئەوەشدا، ئیانزوی پاشای ماننا، و داڵتوی پاشای ئیلیپی و فەرمانڕەوایانی وڵاتی نامری، وڵاتی بیت-سانگیبوتی، هەموو ناوچە شاخاوییەکان، باج و سەرانەم بەسەردا سەپاندن وەك هێنانی ئەسپ و مەڕومالات و گا، کە ساڵانە بیانهێنن بۆ ئاشور."

ئاشورییەکان لەسەر سنوری خۆرئاوای وڵاتی ماننا لە ناوچە شاخاوییەکانی قەندیل و دەوروبەری قەڵای سەربازییان دانابوو، تێگلات-پیلێسەر باسی لەیەکێک لەو قەڵایانەی سەر سنوری مانناییەکانی کردووە، کە تێیدا پێشوازی لە ئیانزوی پاشای مانناییەکان کردووە کە باج و سەرانە و کەلوپەلی سەربازی بۆ هێناوە.( RINAP 1, 39b-41, 121):

"ئیانزوی ماننا، ناوبانگی ئازایەتی و پیرۆزی بڵێسەی خواوەندی ئاشوری بیست، کە چۆن بەردەوام لەناوچە شاخاوییەکان سەرکەوتن تۆماردەکات، هات بۆ قەڵاکەم و گا، ئەسپ، مەڕومالات و پێداویستی سەربازیی بۆ هێنام."

لەنوسراوی پوختەی پێشڕەوییەکانی ئەم پاشایەدا، کە لە کەلخو(نەمرود) بەدەستهاتووە، باسی هەرێم و شوێنە جیاوازەکان کراوە، کە باج و سەرانەیان داوە، بەڵام باسی ماننا نەکراوە.(RINAP 1, 2011, 47, 29-32, 120). ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت، لەوانەیە کە ناوجەرگەی ماننا سەربەخۆ بووە، یەکەیەکی سیاسیی هەبووە و باجیشی بە ئاشور نەداوە، هیچ هێرشێکیشی نەکراوەتە سەر، ئورارتویش جوڵەی بەرەو ماننا نەکردووە، چونکە ئەگەر وابوایە، ڕووبەڕووی هێزە ئاشورییەکان دەبووەوە (ARAB II, ١٩٢٧, ١٤٤, pp. ٧٥-٧٦). بەڵام لەلایەکی ترەوە تێگلات-پیلێسەری سێیەم باجی بەسەر هەرێمەکانی ماننا و سنوری ماننا بەتایبەت هەرێمی زیگرتوی وڵاتی ماننا سەپاند.

## ٤. ٥. شەڕروکینی دووەم و پاشا ئوللوسونو

لە دەقی لەشکرکێشییەکەی شەڕروکیندا، کە وەک ڕاپۆرتێک بۆ خواوەند ئاشوری نوسیوە، ئامانجی لەشکرکێشییەکەی زیاتر بۆ سەرکوتکردنی هەرێمەکانی زیکیرتو و ئاندیای سنووری شانشینی ماننا بووە، بەڵام دەتوانین لە ناوەڕۆکی دەقەکە و ئەنجامەکانیدا بەو ڕاستییە بگەین کە شەڕروکین بەدوای ئامانجی گەورەترەوە بووە، لەوانە؛ نەهێشتنی دەسەڵاتی ئورارتو لە ناوچەی ماننادا، لەم کارەشیدا سەرکەوتووبووە، و ئامانجەکەی تری، گرتن و کوشتنی پاشا ڕوسای ئورارتی بوو، کە لەمەیاندا سەرکەوتوونەبوو، هەرچەندە شەڕروکین خۆی پروپاگەندەی ئەوەی نووسیوە کە لە دوای گەیشتنی هەواڵی تاڵانکردنی پەرستگەی موصاصیر(ئاردینی) و بردنی پەیکەری خواوەند خالدی، خواوەندی

نیشتیمانی ئورارتییەکان، ڕوسا بە خەنجەرێک خۆی کوشتووە، بەڵام بێگومان ئەم پڕوپاگەندەیە ڕاستنەبووە و شەرووکین ئەم ئامانجەی نەپێکاوە، هەروەها یەکێکی تر لە ئامانجەکانی گەڕاندنەوەی باجە پەرشوبلاوەکانیماننا بووە، کە هەندێکیان کەوتبوونە بندەستی ئورارتییەکان. (ARAB II,1927, 149, 77).

لە لەشکرکێشی پێشوویدا بۆ سەرناوچەکە، شەڕڕوکین هەلومەرجی سیاسی و ئاسایشی بۆ ناوچەکانی باکور دەستەبەرکردبوو. لویس لیڤاین ڕاڤەی جیاوازی بۆ ئامانجی لەشکرکێشییەکەی شەڕڕوکین هەیە ئەو دەڵێت: "ئامانجی ئەم لەشکرکێشییە لەراپۆرتەکەی شەڕڕوکیندا، ئاندیا و زیکیرتو بووە، لەڕاستیدا ئەم لەشکرکێشییە لە دژی ناوچەی زاگرۆس پێشنیارکراوە، نەك ئورارتو، تەنها گۆڕینی پێگەی ستراتیژی بووە، کە وایکردووە ئامانجە سەرەکییەکە گۆڕانی بەسەردا بێت... بەم کارەی دەیتوانی جڵەوی دەسەڵاتی ئورارتوش لەناوچەکەدا بکات، ئەم لەشکرکێشییەش ئامانجی گەورەی لێبەدەستهات، چونکە دوای ساڵی (٧١٤ پ.ز.) چیی تر ئورارتو نەیتوانی لە ناوچەی زاگرۆسەوە چاودێریی ئاشور بکات، ئەم جەنگە کۆتایی بە ڕووبەڕووبوونەوەکانی ئاشور و ئورارتو لە ڕۆژئاوای ئێران هێنا، سەرکەوتنی یەکلاکەرەوەی ئاشور بوو لە ناوچەکە" (Levine, 1977, pp. 148-150).

لەلایەکی ترەوە دڵشاد ع. مارف، پێی وایە کە "شەڕڕوکین ئامانجی سەرەکی کوشتن یان گرتنی پاشا ڕوسا بوو،" بەڵام پاشا ڕوسا لە سنوری باکوری مانناییەکان دوور بە دوور سوپای ئاشوری و سارگۆنی دەبینی و دەکشایەوە، و لە هیچ شەڕێکدا ڕووبەڕووی نەبووەوە، ئەمە پلانێکی ژیرانەی ڕوسا بوو کە بەتەواوەتی شەڕڕوکینی نیگەرانکردوو، و لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا لە لەشکرکێشی هەشتەمیدا، شەڕڕوکین بەتەواوەتی بێهیوابوو لە شکاندنی تەواوەتی ئورارتییەکان و گرتن یان کوشتنی پاشا ڕوسا، لەبەرئەوە پلانی شەڕەکەی گۆڕی، لە باشوری ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ وە زۆربەی سوپاکەی لەگەڵ باج و تاڵانی و دەستکەوتەکان بۆ وڵاتی ئاشور ناردەوە، و هێزێکی سوارەی هەزار سەربازی ئامادەی لەگەڵ خۆی هێشتەوە و بە دەربەندە باریک و تەسکەکاندا، ڕێگەیەکی نهێنی گرتەبەر و پەلاماری شاری پیرۆز و پایتەختی ئاینی ئورارتییەکانیدا، ئەو شارەی کە پێی دەوترا موصاصیر(ئاردینی) (لە سنوری دێی مجێسەر لە نزیک سیدەکان/برادۆست)، لەم شارەدا پاشایانی ئورارتی تاجیان لەسەر دەنردرا، ڕوسا دوای تاج لەسەرنانی میلێکی بەردین(کە ناسراوە بە میلەکەی تۆپزاوا) لە دەروازەی ئەم شارە چەقاندبوو(Olmstead, 1908, 3)، شەرووکین پەلاماری ئەم شارە پیرۆزەی داو و پەرستگەی خواوەندی خالدی تاڵانکرد، ئەم کارەی وەک تۆڵەکردنەوە لە پاشا ڕوسا کرد، چونکە ڕوسا لەم پەرستگەیەدا تاجی لەسەرنرا، شەڕڕوکین دەڵیت کاتێک ڕوسا هەواڵی تاڵانکردنی پەرستگەکەی خالدی و بەتاڵانبردنی بتەکانی خالدی بیست، وەک بەرازێک بە خەنجەر خۆی کوشت، لەکاتێکدا هیچ بەڵگەیەک نییە کە ڕوسا خۆی کوشتبێت، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە تاڵانکردنی ئەم پەرستگەیە بۆ پەردەپۆشکردنی سەرنەکەوتنی شەڕڕوکین بوو بەسەر ڕوسادا (مارف ٢٠١٧، ل.420); Marf, (2016), p.150).

بەپێچەوانەی بۆچوونی لیڤاینەوە، چەند بەڵگەیەکی تریش هەن، کە ئامانجی سەرەکیی ئاشورییەکان بریتیبووە لە بڕینی دەستی ئورارتو و سەرکوتکردنی هەرێمە یاخییەکان و ئەو هێزە ئورارتییانەی هاتوونەتە ناوچەکە، دوبارە بەدەستهێنانەوەی باج و سەرانە پەرشوبڵاوەکانی ماننا، بەڵگەی یەکەم ئەوەیە، کە مەبەستی سەرەکیی ڕاپۆرتەکە بۆ ئەم ئامانجەیە و گەڕانەوەی ئارامی و باجەکانە بۆ قەڵەمڕەوی ماننا. دووەم؛ شەڕڕوکین بەپێی نوسراو و ڕاپۆرتەکانی پێش خۆی لە ناوچەکانی وڵاتی ماننا و دەوروبەری ڕێوشوێنی ئاسایشیی گونجاوی فەراهەمکردووە و کێشەیەکی تایبەتی لەناوچەکەدا نەبووە. بەڵگەی سێهەم لەسەر بنەمای ڕاپۆرتەکە ئەوەیە، کە شەڕڕوکین لەناوچەکەدا پێڕەویی لە هیچ سیستەمێکی تایبەتی باج کۆکردنەوە نەکردووە، بۆ کۆکردنەوەی باج و سەرانە نەچووەتە ناو هەرێمەکانەوە، بەڵکو خۆیان سەرانەیان بۆ هێناوە بۆ پارسوا، و لەهەندێک باریشدا باجگرە پارسواییەکانی ڕاسپاردووە بۆ ئەم کارە.

دوای بڕینی چیا سەختەکان، شەڕڕوکین لە هەرێمی سوریکاش(Surikaš)ی مانناییەکان وەستاوە، کە لەگەڵ کاڕاڵلا(Karalla) و ئاللابریا (Allabria) هاوسنورە، وەک ڕێورەسمێکی دیپلۆماتی ئوللوسونوی ماننا لەگەڵ خانەدان، گەورەکان، ڕاوێژکارەکان، پیاوماقووڵان، سەران و کاربەدەستانی شانشینەکەی بەدڵێکی خۆش و دەمبەخەندەوە بەبێ دواکەوتن لە شاری ئیزیرتووەوە هاتنە شاری/قەڵای سینیخینو(Siniḫinu)،

کە قەڵایەکی سەر سنوری وڵاتەکەی بوو، چووە پێشوازیی و سەرانەی خۆی لە ئەسپ، گا و مەڕومالاتی خستە بەردەستی. (ARAB II,
1927, 144, pp. 75-76).

پاشان شەڕڕوکین چووەتە سانگیبوتو(Sangibutu) و داگیریکردووە و تالانیکردووە. دواتر چووەتە شاری ئولخو(Ulḫu)، ئەم شارە وەک پێگەیەکی سەرەکی پاشا ڕوسای ئوراڕتی لەم ناوچەیەدا بەکاردەهێندرا، لە ئولخو خواردنێکی زۆر کەوتووەتە دەست سوپای ئاشور، دوای ئەوە شارەکەی سوتاندووە. شەڕروکین لێرەدا ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەو بیست و دوو قەڵایەی کەوتبوونە دەست ڕوسا، لەگەڵ دوو قەڵای تر (ئوشکانا، پاردا/ئانیاشتانیا)، گەڕاندنیەوە بۆ سنوریماننا، لەم ڕووداوەوە دڵسۆزیی شەڕروکین بۆ ماننا و سوودی ئاشورییەکانیش دەردەکەوێت، لەم قۆناغەدا دەسەڵاتی ماننا فراوان بوو. ئەگەر پێشتر ئوللوسونو (Ullusunu)باجی دابێت، ئەوە لەساڵی (٧١٣ پ.ز.)دا باسی هیچ باجێك نەکراوە.

## ٥. سیاسەتی ڕاگواستنی سەرکردەی هەرێمەکانی ماننا و خێزان و خەڵکەکەیان بۆ ناوچە دوورەکانی ڕۆژئاوای ئیمپراتۆرییەتی ئاشوری

### ٥. ١. شەڕروکینی دووەم و پاشا ئوللوسونو

شەڕروکین چەند سیاسەتێکی جیاوازی بەرامبەر مانناییەکان و هەرێمەکانی ماننا و دراوسێکانی جێبەجێکردووە، سیاسەتی پاڵپشتی پاشای ماننا، پەلاماردانی میرە مانناییەکانی هەرێمەکان کە پشتگیری ئوراڕتییەکان و پاشا ڕوسای ئوراڕتییان کردووە، سیاسەتی ڕاگواستنی میرەکان و خێزانەکانیان بۆ ناوچە دوورەکانی ڕۆژئاوای ئیمپراتۆرییەتی ئاشوری بۆ ئامورو و حاتی، سیاسەتی لکاندنی هەندێک لە هەرێم و شارە مانناییەکان بە هەرێمی پارسواوە و جیاکردنەوەی لە شانشینی ماننا.

لە ناوچەکانی زاگرۆس دوو نوسراوی پاشا شەڕروکین دۆزرانەوە، یەکێکیان میلە بەردێکی نووسراوە و وێنە و نووسینی مێخی پاشا شەڕروکینی لەسەر هەڵکەندراوە پێی دەوترێت میلەکەی نەجەف ئاباد(ئەسەدئاباد) و ئەوەی تریان نەخشێکە لە ڕوویەکی شاخاوی هەڵکەندراوە و وێنە و نووسینی شەڕروکینی لەسەر هەڵکەندراوە و لە هەورامان لە تەنگیوەری سەر بە کامیاران دۆزراوەتەوە. لە میلەکەی نەجەف ئابادا دەردەکەوێت، کە پەیوەستە بەمانناوە و ئاماژە بەڕووداوەکانی ساڵی سێهەم و پێنجەمی دەسەڵاتی شەڕروکین دەکات (Levine, (1972), pp. 22-45). لە نوسراوەکەی تەنگیوەردا باسی پێشڕەوی خۆی کردووە بۆ سەرکوتکردنی هەرێمی کاڕاڵلا(زارعی، 1382، 26). کە هەرێمێکی سەر بە شانشینی ماننا بووە (Elayi, 2017, 159).

ئاشورییەکان وەک سومەرییەکان سیاسەتێکی توندیان دژی گەلان و سەرکردە یاخییەکانیان جێ بەجێ دەکرد، ئەویش بە دامرکاندنەوەی ڕاپەڕین و یاخی بوون و باج نەدان لەڕێگەی ڕاگواستنی دانیشتوانی شار و وڵات و تەنانەت هۆزە دەوارنشینەکانیش، ئەم سیاسەتەیان بۆ لاوازکردنی دوژمنەکانیان بەکارهێناوە، لەڕێگەی پەرتکردن و دابڕاندنەوە. شەڕروکینی دووەم بەهۆی مەترسییەکانی ئوراڕتییەکان و پەیوەندییەکانی دایائوککو لەگەڵیان، هێرشیکردنەسەر، وەك لەم دەقەدا باسکراوە. (6 :ARAB II,1927, I2, 75-100):

"لە حەوتەم ساڵی فەرمانڕەواییمدا، ڕوسای ئوراڕتی پلانی شەڕانگێزیی دژی ئوللوسونوی پاشای وڵاتی مانناییەکان دانا و بیست و دوو قەڵای لێسەند؛ وشەگەلێکی پڕ درۆی گوماناوی دژی ئوللوسونو (Ullusunu)لای دایئوککو(Daiukku)ی پارێزگاری ماننایی وت، و کوڕەکەی دایئوککوشی وەک بارمتە وەرگرت. ڕووەو خواوەند ئاشوری سەروەرم، دەستم بەرزکردەوە و گەمارۆی ئەو بیست و دوو قەڵایەم دا و گرتمن و هێنامنە ناو سنووری ئاشورەوە. دایائوککو لەگەڵ خێزانەکەیدا، ڕامگواستن و ئارامیم گەڕاندەوە بۆ وڵاتی مانناییی پڕ کێشە."

جێی سەرنجە ئاشورییەکان زۆر دەگمەن ئاماژەیان بەم سیاسەتی ڕاگواستنەکردووە دژی مانناییەکان، چونکە مانناییەکان تاکە هاوپەیمانی ستراتیجی ئاشورییەکان بوون لە ناوچەکانی زاگرۆس، تەنانەت ئەو چەند ئاماژەیەش کە تێیدا شەڕروکینی دووەمی ئاشوری ئاماژە بە ڕاگواستنی

هەندێک لەسەرکردەی هەرێمە مانناییەکان، بە تایبەت سەرکردە داییائوککو(دیاکۆ؟) کە میرێکی مانناییەکان بوو و فەرمانڕەوای بیست و دوو قەڵای مانناییەکان بوو، بەڵام لەگەڵ پاشای ئورارتییەکان ڕێککەوت، ئەویش دوای ئەوەی ڕوسای پاشای ئورارتییەکان کوڕێکی دایپائوککوی وەک بارمتەگرت، ئەمەش ئاشورییەکانی هاوپەیمانی مانناییەکانی تورەکرد، و شەڕروکینی دووەمی ئاشوری بۆ پشتگیری پاشای مانناییەکان، پاشا ئوللوسونوی پاشای مانناییەکان پێشوازی لێکرد و، شەڕروکینی ئاشوری هێرشی کردە ئەو ناوچە سنورییانەی ئورارتییەکان کە کەوتبوونە باکور و باکوری خۆرهەڵاتی وڵاتی ماننا، و توانی هەرێمی زیگیرتو لەژێردەستی ماتاتی میری هەرێمی زیگیرتو مانناییەکانی هاوپەیمانی ئورارتییەکان دەربهێنێت و باج و سەرانە وەربگرێت، و پاشان دایائوککو و خێزانەکەی ڕاگواستن بۆ شاری حامات لە وڵاتی شام. شەڕروکین هێرشی بردە سەر ناوچە سنورییەکانی ڕۆژئاوای ماننا و دیاری لە پاشا و میرەکانی نائیری و خوبوشکیا وەرگرت و پەلاماری هەرێمی ئاندیای وڵاتی ماننای دا و تاڵانیکرد، و چوارهەزار و دووسەد کەسی لە خەڵکی هەرێمی ئاندیای وڵاتی ماننا ڕاگواست، هەروەها بە بۆنەی ئەم سەرکەوتنانەوەی، شەڕروکین میلێکی یادگاری لە شاری ئیزیرتوی پایتەختی مانناییەکان چەقاند(ARAB II,1927, 13, II, 75-100: 6):

"دیارییم لە ئیانزوی پاشای وڵاتی نائیری، لە خوبوشکیا و شارەکانیم [وەرمگرت]. نۆ شار ...... دەڤەری ئەو (کە هی) ئورسا[ڕوسا]ی ئورارتی ...... ڕەشەوڵاخیان، مەڕیان، قەڵاکانیان، لەگەڵ شارەکانی [دەوریان] ...... [هی تێلوسینای( Telusina) وڵاتی ئاندیا(Andia)م گرت. ٤،٢٠٠ کەسم لەگەڵ سامانیان برد. ئەو قەڵایانەم وێران و خاپوور کرد و [بە ئاگر سوتاندمن]. وێنەی شاهانەی خۆم دروستکرد و لەسەری هێزی خواوەند ئاشوری سەروەرمم نەخشاند. لە ئیزیرتوی شاهانەشاری مانناییەکان [چەقاندم]."

دوای ئەوەی ماننا دابەشبوو، شەڕروکین بۆ پاراستنی سەربەخۆیی ماننا هێرشیکردەوە سەر نەیارەکان و یاخییەکان، هێرشەکەی شەڕروکین لە ساڵی سێهەمدا بەوردی تۆمارکراوە. هەندێک شاری ماننا بە هاوکاریی میتاتی یاخی بوون، شەڕروکین دەستیگرت بەسەر ئەو شارانەدا، گڕی تێبەردان، دیوارەکانی ڕوخاندن، لەگەڵ زەویدا یەکسانیکردن[تەختیکردن]، دانیشتوان و سامانەکەی ڕاگواست و بە تاڵان بردن، چەند شارێکی تری ماننا هەڵەیەکی خراپتریان ئەنجامدا، کە لە ئیانزو یاخی بوون، لەگەڵ ڕوسای یەکەم (Rusai I) (Elayi, 2018, 35). ئەگەر ڕاگواستنی ئەو خەڵکەی هەرێمی ئاندیای ماننا زیادەڕەوی لە ژمارەکەیاندا نەکرابێت، ئەوا ڕاگواستنی چوارهەزار و دووسەد کەس لە دانیشتوانی هەرێمی ئاندیای سنوری شانشینی ماننا، ژمارەیەکی زۆرە، لەبەرئەوەی لەم ناوچەیەدا دانیشتوانی شار و شارۆچکەیەک هەر پێنج بۆ شەش هەزارکەسێک دەبوون.

لێرەدا شانشینەکە بووبووە دووبەشەوە، هەرێمی زیکیرتوو (Zikirtu) و بیست و دوو قەڵای وڵاتی ماننا لە باکور کە هاوسنوربوو لەگەڵ دەوڵەتی ئورارتی بوونە هاوپەیمانی دەوڵەتی ئورارتو، پایتەختەکی هەرێمی زیکیرتو شاری پاردایە، هەروەها سێ قەڵای تر کە ئەوانیش قەڵاکانی سوککا(Sukka)، بالا( Bala)، و ئابیتیکنا(Abitikna)، لەگەڵ پاشای ئورارتو ڕوسای یەکەم ئورارتو ڕێککەوتنیان کرد(ARAB II, 1927, 3 ,6, II, 32-42). تا ئێستا شوێنی جوگرافیی ئەو سێ قەڵایە دیارینەکراوە، تەنانەت ڕوون نییە هەر سێ قەڵاکە سەر بە خاکی ماننا بووبن، یان کەوتبوونەوە دەرەوەی سنووری باکووری وڵاتی ماننا. شەڕروکین چەند دەستەیەکی سەربازیی بە مەبەستی هاوکاریی ئیانزو نارد، قەڵاکانیان گرت و بە پێی نەریتی جەنگ مامەڵەیان لەگەڵکردن، سەروەت و ماڵیان گواستنەوە بۆ ئاشور، دەڤەرەکەشیان ڕادەستی ئیانزو کرد (دیاکۆنۆف، ٢٠٢١: ٣٦٥)، واتە ئاشورییەکان هاوکاری مانناییەکان بوون بۆ ئەوەی ئەو هەرێم و قەڵایانە بگەڕێننەوە بۆ سنووری وڵاتی ماننا، بێگومان ئەمەش بێبەرامبەر نەبوو، چونکە ناوچەکانی سنوری قەڵەمڕەوی شانشینی ماننا گرەنتی پێدانی باجیان بە ئاشورییەکان دابوو.

## ٢.٥. سەنحاریب (٧٠٤_٦٨١ پ.ز.) و پەیوەندی لەگەڵ مانناییەکان

لە سەردەمی سەنحاریبدا هیچ ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ لەبەردەستدا نییە دەربارەی پەیوەندییەکانی ماننا و ئاشور، تەنها ئەم دەقە گشتییە نەبێت کە باسی داگیرکردن و ڕاگواستنی ژمارەیەکی زۆر لە گەلانی زاگرۆس و مێسۆپۆتامیا و ڕۆژهەڵاتی دێرین دەکات، کە سەنحاریب ڕایگواستن و بێگاری دروستکردنی تەلارەکانی نەینەوای پێ ئەنجامداون(ARAB II ,1927, 364: pp.160-161):

"بەڵام من، سەنحاریب، پاشای ئاشور، پێیبەخشیم. تۆ بیرکردنەوەت پێبەخشیم، ئاوەزت دامێ بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو کارە، بەپێی فەرمان و ویستی خوداکان. گەلی کلدان، ئارامییەکان، مانناییەکان، گەلانی زەوییەکانی کو، لەگەڵ خیلاککو، کە گوێڕایەڵی دەسەڵاتم نەبوون، لە زەوییەکانیان ڕامگواستن، واملێکردن کەلوپەلی سەربازی هەڵبگرن، و قاڵبی خشتم پێدروستەدەکردن، قامیشەڵانی کلدانم بڕی و پیاوانی دوژمنم ناچارکرد، کە قامیشەکانیان بگوازنەوە بۆ ئاشور."

لەبەرکەمیی سەرچاوە و بەڵگەی ئەم قۆناغە، ناتواندرێت شیکردنەوەی ورد بۆ ئەم دەقە بکرێت، نازانین سەنحاریب ڕاست دەکات لە باسی ڕاگواستنی خەڵکیماننا و بێگارپێکردنیان لە نەینەوا، تەنها دەتوانرێت بگوترێت؛ مەترسیی ئورارتو لە ناوچەکەدا نەماوە، و بەهەمان شێوەش ماننا لەژێر دەسەڵاتی ئاشوریدا نەماوە. (Postgate, 1987-90, 341).

## ٦. هاوسەرگیریی سیاسیی پاشایانی ئاشوری و شازادە مانناییەکان

### ٦. ١. ئەسەرحەدون و پاشا ئاخشێری

ئەسەرحەدون هەوڵدەدات هاوپەیمانیی مانناییەکان و سکیثییەکان هەڵبوەشێنێتەوە، کە دژ بەئاشور بووە، لەبەرامبەردا سکیثییەکان بکاتە هاوپەیمانی خۆی، بۆ ئەم مەبەستە کچەکەی خۆی دەدات بە پاشای سکیثییەکان کە ناوی ئیشپاککایا (pakkayaîŠ)یە، لە چەند نامەیەکدا باس لە ئامادەکارییەکان بۆ ئەم هاوسەرگیرییە کراوە، بەڵام نازاندرێت کە ئایا ئەم هاوسەرگیرییە بە ئەنجام گەیشتووە یان نا؟ تا ئێستا وەڵامی ئەم پرسیارە بەڕوونی نەدراوەتەوە، هەرچەندە شوێنەوارناسان پێیان وایە تابوت و گەنجینەکەی زێویە دیاریی مارەیی کچەکەی ئەسەرحەدونە و چەند ڕەگەز و دیمەنێکی هونەری ئاشوریش لەو تابوتە برۆنزییەدا دووبارە کراوەتەوە.

پەیوەندیی سکیثییەکان و مانناییەکان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی هەشتەم و سەرەتای سەدەی حەوتەم، کاتێك پاشای سکیثییەکان بەناوی ئیشپاکا(Išpaka) لەگەڵ مانناییەکان لە دژی دەوڵەتی ئاشوری یەکیانگرت، هەروەکو پێشتر ئەسەرحەدون ئاماژەی پێداوە. ئاماژە بە هاوسەرگیریی شازادە خاتوونی ئاشوری کچی ئەسەرحەدون لەگەڵ پارتاتوا(Partatua)ی سکیثی کراوە، کە هاوسەرگیرییەکی سیاسی بووە، هەتاکۆتایی بەو هاوپەیمانێتییە بهێنن لەگەڵ ماننا.(Frahm, 2017, 262). پێش ئەم قۆناغە ئاشورییەکان لە ناوچەکانی زاگرۆس تا ئەم ڕادەیە توشی سەختی و تەنگانە نەبووبوون، بەڵام ئەسەرحەدون بە زیرەکیی خۆی توانیویەتی بە لێهاتوویی دیپلۆماتی ڕێگری لەو مەترسیانە بکات، نوێنەرەکانی خۆی بۆ لای سکیثی و مادەکان و ناوچەکانی تر ناردووە (Frahm, 2017, 262)، بەڵام دیارە لەم قۆناغەدا کەلێن کەوتووەتە ناو ئەو هاوپەیمانییەوە، بەتایبەتی دوای مردنی ئیشپاککا، پارتاتوا بووە پاشای سکیثییەکان، کە نامەی بۆ ئەسەرحەدون ناردبوو، کچی پاشای ئاشوری وەك هاوسەر هەڵبژارد، بەهۆی ئەم هاوسەرگیرییەوە، پاشای سکیثی لە هاوپەیمانی زاگرۆسییەکان هەڵگەڕایەوە و ئەسەرحەدونی لە مانناییەکان و مادەکان ڕزگارکرد. ئەسەرحەدون ناڕازی نەبووە لەوەی کە کچەکەی بدات بە بێگانەیەک، بەو بەڵگەیەی، کە ئەسەرحەدون لە شاماش (خودای خۆر) دەپرسێت و فاڵ دەگرێتەوە؛ کە ئایا پارتاتوا بە دڵسۆزی پەیمانەکە دەمێنێتەوە یان نا؟ (Boardman, 2008, 128).

### ٦. ٢. ئاشوربانیپاڵ و پاشا ئواڵلی

پەیوەندیی مانناییەکان و ئاشورییەکان لە سەردەمی ئاخشێری (Aḫšeri)و ئاشوربانیباڵدا، تاڕادەیەك ساردیی تێکەوتووە، براکانی و بنەماڵەکەی و خانەدانەکان ئەویان بە شمشێر کوشت، دوای ئەوە ئواڵلی کوڕی ئاخشێری (Aḫšeri)، لەسەر تەختی باوکی دانیشت. پاش ئەوەی هەست بە مەترسیی هەڕەشەی ئاشوربانیپاڵ دەکات، هەنگاوی دیپلۆماتیی دەگرێتەبەر بۆ کەمکردنەوەی هەڕەشەی ئاشورییەکان، کە یەکێك لە بیرۆکەکانی بریتییە لە هاوسەرگیریی سیاسی، بەناردنی کچەکەی بۆ کۆشکی ئاشوربانیپاڵ، پاشای ئاشور. هێزی خودای ئاشور سین.... ڕا ئەوی (ئواڵلی Ualli) بینی و وەکو داردەستی ئاشوربانیپاڵ پەسەندیکرد، بۆ ڕزگاریی ژیانی خۆی، دەستەکانی بۆ پاڕانەوە بەرزکردەوە

و داوای پاراستنی لە ئەو کرد، پاشا ئواڵێی یەکێک لە کوڕەکانی بەناوی ئێریسینی (Erisinni) وەک بارمتە نارد بۆ نەینەوا، قاچی ئەوی ماچکرد، یەکێك لە کچەکانیشی ناردە کۆشکەکەی ئاشوربانیپاڵ: (Rinap 5, 2018, III 80-92 a, 65):

"هێزی خودای ئاشور سین.... ڕا ئەوی (ئواڵێی) بینی و وەکو داردەستی ئاشوربانیپاڵ پەسەندیکرد، بۆ ڕزگاریی ژیانی خۆی، دەستەکانی بۆ پاڕانەوە بەرزکردەوە و داوای پاراستنی لە ئەو کرد، ئەریسینی یەکێك لە کوڕەکانی نارد بۆ نەینەوا، قاچی ئەوی ماچکرد، یەکێك لە کچەکانیشی ناردە کۆشکەکەی...".

ئەم هاوسەرگیرییە سیاسییەی نێوان کچی پاشای مانناییەکان و ئاشوربانیپاڵ تاکە هاوسەرگیری نێوان ئەم دوو بنەماڵەیەیە، بەڵام بووە هەوێنی دروستبوونی پەیوەندییەکی پتەو، تەنانەت بەپێی دڵشاد عەزیز مارف هۆکاری ئەوەی کە دوای چوار دەیە و لەساڵی ٦١٠ پ.ز.دا لە شەڕی کاپلینادا لە ناوچەی حەڕڕان لە باکوری کوردستان، هێزێکی مانناییەکان بۆ بەهاناوە چوونی پاشماوەی سوپای ئاشوری و شازادەکانیان چوون یارمەتی ئاشورییەکان بدەن لە شەڕەکەیاندا دژی میدی و بابلییەکان بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە لەناو ئەو نەوە ئاشورییانەدا نەوەی ئەو کچە شازادە مانناییەش هەبوون کە باوکیان ئاشوربانیپاڵ بووە و دایکیان کچی پاشای مانناین بووە155 ,(2016) ,Marf)).

## دەرئەنجامەکان

مانناییەکان وەک تاکە شانشینی باکوری زاگرۆس بە درێژایی سەدەی نۆیەم بۆ شەشەمی پ.ز. توانی پارێزگاری لە تەختی شاهانەی خۆی بکات، لەگەڵ ئەوەی سنوری ئەم شانشینە کەوتبووە نێوان بەرداشی ئوراڕتی و ئاشورییەکانەوە، لەلایەکی تریشەوە لە کۆتایی سەدەی هەشتەمدا سکیثییەکانیش هاتن و بەشێک لە خاکەکەیان داگیرکرد. ئەرشیفێکی گرنک لە تۆماری شاهانەی ئاشوری و نامە کارگێڕی و سیخوڕی و فاڵگرتنەوەکان تیشک دەخەنە سەر پەیوەندییەکانی مانناییەکان و ئاشورییەکان.

پەیوەندی دیپلۆماتی نێوان مانناین و ئاشورییەکان لە هەڵکشان و داکشاندابوو، بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی نێوان بنەماڵەی شاهانەی مانناو ئاشورییەکان باش بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئاشورییەکان چەند جارێک لەشکرکێشی ڕاستەوخۆیان کردووەتە سەر شاری ئیزیرتوی پایتەختی ماننا، بەڵام لە هەموو بارەکاندا کە شارەکەش داگیرکراوە، بەڵام ئاشورییەکان فەرمانڕەوای ئاشوریان دانەناوە، بەڵکو پاشای مانناییان گۆڕیوە بە کوڕەکەی بەو مەرجەی پەیمان بدات کە باج و سەرانە بۆ وڵاتی ئاشور بنێرێت.

ئاشورییەکان لەگەڵ مانناییەکاندا سنورێکی فراوانی باکوری ڕۆژهەڵاتیان هەبوو، هەندێک جار لەسەر سنور باج و سەرانە دەدرا بە ئاشورییەکان. لەهەندێک باردا میری هەرێمە مانناییەکان دژی پاشای خۆیان و دژی ئاشورییەکان پاڵیان دەدا بە ئوراڕتییەکانەوە و هەرێم و شار و قەڵاکانیان دەخستە ژێر ڕکێفی ئوراڕتییەکانەوە، لەم کاتەدا پاشایانی ئاشوری بەناوی پشتگیری پاشای مانناییەوە لەشکرکێشیان دەکرد و پشتگیری خۆیان بۆ پاشای مانناین دەردەبڕی، بێگومان ئەمەش بۆ فەراهەمکردنی ئەو باج و سەرانە و ئەسپ و مادە خاوانەبوون کە لە وڵاتی مانناوە دەگەیشتنە وڵاتی ئاشور.

لەڕووی سەربازییەوە لەسەردەمی ئەسەرحەدوندا مانناییەکانیش هێرشیان هێنایە سەر سنورەکانی دەوڵەتی ئاشوری و تەنانەت چەند قەڵا و شارێکی سنوریان گرت، ئەوەش لە ناوچە سنورییە شاخاوییەکان بوو، بەتایبە شاری دور-ئێنلیل کە تا ئێستا شوێنەوارەکەی نە دۆزراوەتەوە. لەسەردەمی ئاشوربانیپاڵدا سوپای ئاشوری زۆربەی خاکی مانناى داگیرکرد، بەڵام لەهەمان کاتیشدا دووبارە وەک جاران لێگەڕا شازادەی جێنشینی ماننا جێگەی باوکی بگرێتەوە و شازادەیەکی تریشی وەک بارمتە بردە کۆشکی نەینەوا تا ڕێگە لە یاخیبوونی مانناییەکان بگرێت. لەلایەکی تریشەوە، ئاشورییەکان و مانناییەکان یەک هاوسەرگیری سیاسییان ئەنجامداوە و شازادە خاتوونێکی مانناییەکان دراوە بە ئاشوربانیپاڵ، ئەمەش بووەتە هۆی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی مانناییەکان و ئاشورییەکان کە تا دوای ڕووخانی دەوڵەتی ئاشوریش بەردەوام بوو.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## لیستی سەرچاوەکان

### بەزمانی کوردی:


١. دیاکۆنۆف، میخایلۆڤیچ، ٢٠٢١، مێژووی میدیا، و. پێشەوا خالید، دەزگای چاپ و پەخشی جەمال عیرفان، تاران.

٢. مارف، دڵشاد عەزیز، (٢٠٢٠)، "رێنووسە کۆنەکانی زاگرۆس و کاریگەرییان لەسەر رێنووس و زمانی کوردیی هاوچەرخ"، گۆڤاری شنروێ، ساڵی یەکەم، ژمارەی یەکەم، ل ل. ٩٧ – ١١٢.

٣. مارف، دڵشاد عەزیز، (٢٠١٧). "جوگرافیای ناوچەی سۆران لە نووسینە مێخییەکاندا"ئاووهەوا، تۆپۆگرافیا، شاخ، ڕووبار و تاڤگەکانی، شار و شانشینەکان،"، پرۆسیدینگی یەکەمین کۆنفرانسی نێودەڵەتی: ڕواندز وپێگەیەکی ژیاری بە دەوڵەتبوون لە مێژووی کورددا،"١٩-٢٠ ئایاری ٢٠١٦، ڕواندز، ل ل.٩٦-١١٦.


### بە زمانی فارسی:


٤. زارعی، محمد، (١٣٨٢)، "نقش برجسته و کتیبه تنگیور، فرهنگ کردستان"، ش. ١٦ و ١٧. ص ص. ٢٤-٦٥


### بە زمانی ئینگلیزی:


5. BOARDMAN, JOHN,F.B.A., 2008, THE CAMBRIDGE ANCIENT HISTORY, VOL III, PART 2, The Assyrian and Babylonian Empires and other States of the Near East, from the Eighth to the Sixth Centuries B.C., CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS

6. Boardman, John F.B.A., 2008, The Assyrian and Babylonian Empires and other States of the Near East, from the Eighth to the Sixth Centuries B.C., THE CAMBRIDGE

7. Botta P. E., & Flandin, E. N., 1972: Monument de Ninive II(1849/50), Biblio Verlag, Osnabrück, Paris.

8. Eph'al, I. 1999. "The Bukān Aramaic Inscription: Historical Considerations." IEJ =Israel Exploration Journal, vol. 49 np.1/II: pp. 116–121.

9. Elayi, Josette, 2017, Sargon II, King of Assyria, Archaeology and biblical studies, SBL press.

10. Elayi, Josette, 2018, Sennacherib, King of Assyria, SBL, Press, Atlanta.

11.Fales, F. M., (2003). "Evidence for West-East Contacts in the 8th Century BC: The Bukan Stele." in: Lanfranchi, G.B. et al. (eds.), Continuity of Empire (?) Assyria, Media, Persia, History of the Ancient Near East/ Monographs-V, HANE/M-V, Padova: pp. 134-137.

12. FUCHS, ANDREAS & Parpola, Simo, 2001, LETTERS FROM BABYLONIA AND THE EASTERN PROVINCES, THE CORRESPONDENCE OF SARGON II, PART III = SAA XV, HELSINKI.

13. Frahm, Eckart, 2017, A COMPANION TO ASSYRIA, Wiley Blackwell COMPANIONS TO THE ANCIENT WORLD, Printed in Great Britain by TJ International Ltd, Padstow, Cornwall.

14 Frahm, Eckart, 2017, A Companion to Assyria, Wiley Blackwell, USA.

15. George, Smith, 2014, Assyria from the Earliest times to the fall of Nineveh, in this Compilation, Cambridge University press.

16.Ghirshman, R. 1979. Tombe princière de Ziwiyé et le début de l'art animalier scythe, Paris: Leiden: Brill, [s.n.].

17. Grayson, A. K. 1996. Assyrian Rulers of the Early First Millennium BC 2 (858-745 BCE) (The Royal Inscriptions of Mesopotamia, Assyrian Periods III= RIMA III), Toronto - Buffalo – London.

18.Hall, H.R., 2016, The Ancient History of the Near East From the Earliest of Times to the Battle of Salamis, New York, Oxen.

19. Karrass, Chester L, 1970), The Negotiation Game, N,y, Thomas Y. Crowell Publishers.

20. Kroll, S., (2014). "Notes on the Post-Urartian (Median) Horizon in NW-Iran and Armenia." in: Özfırat, A. (ed.), Essays in Honour of Veli Sevin, Istanbul:pp. 203-210.

21. Levine, L.D., et al.,, (1977): "Sargon's eighth campaign", in Mountains and Lowlands, Essays in the Archaeology of Greater Mesopotamia, Bibliotheca Mesopotamica, Vol 7, Malibu. pp. 135-151

22. Lanfranchi, Giovanni B. & Parpola, Simo, 1990, Letters from Northern and Northeastern Provinces, THE CORRESPONDENCE OF SARGON II, PART II = SAA V, HELSINKI

23. Lanfranchi, G. B., Roaf M. & Rollinger R., 2003, Continuity of Empire: Assyria, Media, Persia. History of the Ancient Near East Monographs 5, s.a.r.g.o.n. Editriace e Libreria Padova

24. Levine, L.D., (1972), "Two Neo-Assyrian Stelae from Iran," Royal Ontario Museum Art and Archaeology Occasional, Toronto

25. Luckenbill, D. D., 1926, Ancient Records of Assyrian and Babylonia = ARAB I, Vol.I, Chicago.

26. Luckenbill, D. D., 1927, Ancient Records of Assyrian and Babylonia= ARAB II, Vol.II, Chicago

27. Marf, Dlshad A., (2019), "The Aramaean Presence in the northern Zagros during the Middi and neo-Assyrian period", (Eds) Duŝek, Jau & Myharov, Jana, Aramaean Borders Defining Aramean Territories in the 10th centuries B.C.E, Brill, Leiden, pp.78-91

28. Marf, DLshad A., 2016, Cultural Interaction between Assyria and the Northern Zagros, Leiden University.

29. Melville, Sarah C., 2016, The Campaigns of Sargon II king of Assyria 721-705 B.C, University of Oklahoma Press

30. Olmstead.A, 1908, Western Asia in the Days of Sargon of Assyria (722-705 B.C), New York.

31. Parola & Poeter, 2001, The Helsinki Atlas of the Near East in the Neo-Assyrian Period, The Casco Bay Assyriological Institute and The Neo-Assyrian Text Corpus Project, Helsinki

32. Postgate, J. N., , (1987-1990), "Mannaea, Mannāja s. Mannāer., Mannāer, " Reallexikon der Assrriologie und Vorderrasiatischen, Archoeologie, VII, pp.340-342.26.

33. Radner, Karen, (2003) "An Assyrian View on the Medes." Pages 37–64 in Conti- 264 Sargon II, King of Ass yria nuity of Empire(?): Assyria, Media, Persia. Edited by Giovanni Battista Lanfranchi, Michael Roaf, and Robert Rollinger. HANE /M 5. Padova.

34. Tadmor, H., et al., 2011, The Royal Inscriptions of the Neo-Assyrian Period.. The Royal Inscriptions of

Tiglath-pileser III (744-727 BC) and Shalmaneser V (726-722 BC), Kings of Assyria. The Royal Inscriptions of the Neo-Assyrian period I= RINAP I. Winona Lake, Eisenbrauns.

35. NOVOTNY, JAMIE and JEFFERS JOSHUA, 2018. The Royal Inscriptions of Ashurbanipal (668-631 BC), ASSUR-ETEL-ILANI (630-627 BC), AND StN-SARRA-ISKUN (626-612 BC), KINGS OF ASSYRIA, 5\1, University Park, Pennsylvania. = RINAP 5.

36. Parpola, Simo, 1987, LETTERS FROM ASSYRIA AND THE WEST, THE CORRESPONDENCE OF SARGON II, = SAA I, PART I, HELSINKI

37. Parpola, Simo, 1990, QUERIES TO THE SUNGOD DIVINATION AND POLITICS IN SARGONID ASSYRIA, STATE ARCHIVES OF ASSYRIA IV = SAA IV, HELSINKI

38. Parpola, Simo, 1993, LETTERS ASSYRIAN AND FROM BABYLONIAN SCHOLARS, STATE ARCHIVES OF ASSYRIA X = SAA X, HELSINKI

39. Yamada, Sh. 2000. The Construction of the Assyrian Empire: A Historical Study of the Inscriptions of Shalmaneser III (859-824 BC) Relating to His Campaigns to the West, Leiden, Brill.

40. Wiseman, D. J., 1956. Chronicles of Chaldaean Kings (626-556 B.C.) in the British Museum, London.

41. Wiseman, D. J., (1958). “The Vassal-Treaties of Esarhaddon.” Iraq XX: i-ii+99.

42. Zimansky, P., (2011). “Urartu and its Contemporaries.” In: Köroğlu, K. & Konyar, E. (eds.), Urartu: Doğu’da Değişim/ Transformation in the East, Istanbul: 106-125.